www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

کەسێ
کە هەموو ژیانی شیعرە

دیمانەی : نازم دڵبەند

لەگەڵ شاعیر کەریم دەشتی

٢٠٢٣

کەسێ

کە هەموو ژیانی شیعرە

دیمانەی نازم دڵبەند

لەگەڵ شاعیر کەریم دەشتی دا

٢٠٢٢/٨/١ -٢٠٢٣/١/١

هەولێر ٢٠٢٣

ناوی کتێب: کەسێ کە هەموو ژیانی شیعرە
بابەت: دیمانە: لەگەڵ کەریم دەشتی شاعیردا
(سازدانی: نازم دڵبەند)
دیزاینی بەرگ: عوسمان پیرداود
دیزاینی ناوەرۆک: سەید ئارام
چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٣
تیراژ(٥٠٠) دانە
چاپخانە:
ژمارەی سپاردن (١٢٩) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان
هەولێر: ٢٠٢٣

نازم دڵبەند لەگەڵ کەریم دەشتی شاعیردا

پێشەکی

نازم دلبەند

مـن بە عەشـقی شـیعرەکانیەوە بـوو، کـەریم دەشـتیم ناسی، ئەو کاتەی کە لە هەرەتی گەنجێتی شیعر نووسیندا بوو، هەر ئەو کات دەمزانی هەلکشانی شەپۆلی شیعری ئەو شـاعیرە ، ڕۆژێ لـە ڕۆژان ئـاوێزانی قەڵەمی مـن دەبێـت و دەبێت بە بەشێک لە بزواندنی هەستی خۆشەویستیی من بۆ شـیعر ، پەیوەنـدی مـن و کەریـم دەشـتییش کە پەنجا ساڵ هەلکشان و داکشانی گرتۆتە خۆ، بەڵام هەرگیز شیعر نەیهێشتووە، کە ئاگردانی پتەوی ئەم پەیوەندییە ئەدەبی و کەسـێتییە کـوێربێتەوە، پێشـناچێ وەهـا زوو لە بیرمـان بچێتەوە، دیارە ئەمەش خۆشەویسـتی بەردەوامی دەشتیی بـوو، کــە بنــەمای ئەو پێناســەیەی پتــەو کـرد و هەر بە زینـدوویی هێشـتییەوە، بـۆیە نەدەکـرا، لە ئاسـت دەقـە شیعرییەکانی ئەودا بوەستم و جوانیی ئەو هەموو شیعرانە فەرامۆشـکەم، ئەمـانە هەمـووی بـۆ مـن بـوونە پرسـیار و یادەوەرییەکی سپی و پڕ لە جوولە، تا لە گەرمای هاوینی ئەمسـاڵدا و لەسـەر مـێزێکی ژێـکەلانەدا، هەردووکمـان لە پەنـای دوو پەرداخی ئـاگراوی یەکـتر ببینیـنەوە و بە چـرپە وەکو دوو تێنوومەندی شیعر، هەموو ئەو یادەوەرییانە لە ئـامێز بگـرین و پـێکەوە ڕووبەڕوو بیـانوروووژێنین و منـیش

بەدوای وەڵامەکانیدا بکەومە ڕامانەوە، ئەمەش لەوەوە هات، کە دەشتی باسی خەمی نیشتیمان و جوانیی و عەشق خۆشەویستی دەکرد، لەوێدا بزۆزی ڕۆژنامەنووسییم بە گوڕتربوو، بۆیە بە هێمنیەوە چوومە ناو بیرکردنەوە و هەڵبژاردنی هەندێ پرسیار، لە مەڕ گەورەیی شیعر لای ئەو، ئەمەش چەند مانگێکی خایاند هەر ڕۆژەی پرسیارێک و دووان و سێ، هەندێجاریش زیاتر، ئەوەندە دڵخۆشبووم کە دەشتی قەڵەمەکەی بۆ وەڵامەکان دەخستە گەڕ، ڕستەو پیت و وشە وەك باران هەڵدەڕژان، تا گەیشتە ئەوەی هەندێجار بکەوینە مشتومڕیش و هەندێجاریش وچان و وەستان، تا دوا قۆناغ ، بۆیە دەڵێم: مادامەکێ دەشتی شیعری خۆشدەوێ: **کەواتە هێشتا شیعر لە کوردستان من ماوە.**

هەولێر ٢٠٢٣

- ئێستاش دیوانی - خاك و هەلۆ-ی ساڵانی هەشتا، بە شێوە و ناوەرۆکی خۆیەوە، لە بەرچاوی خوێنەران و لەبەردڵیان، هەر وەکو خۆی ماوەتەوە، نهێنی دینامیکیەتی ئەو دیوانە لە چی دایە؟

دیـوانی خـاك و هـەڵۆ دیـوانێکی شـیعریی بچووکـە و لەبەرگەکەی نووسراوە بە سەد فلسە، لە هەشتاکاندا، لە لایـەن دەزگای ڕۆشـنبیریی چـاپ و بڵاوکردنـەوەی بەغـدا چاپکراوە، چاپکردنی ئەو دیوانە لە سەردەمێکدا بوو، کە ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس، مەستی سەرکەوتنەکانی بوو بوو، بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، کە پێی وابوو تاهەتا هەر ئەوەی بۆ دەچێتە سەر، نەیزانی ڕۆحی شـۆڕش لـە شـاخدا، چەنـد بـەهێزەوە زینـدوو دەبێتـەوە، هەروەها لەوان دەماندا زۆر بەهێزیش سەری هەڵدایەوە، جا دەرچوونی دیوانێ کە پڕ بێ لە شیعری خۆشەویستی بۆ خـاك و نیشـتیمان و بـە سـتایلێکی شـیعری هاوچـەرخ و زمـانێکی ڕوون بـۆ خوێنـەران، وەکـو دۆزینـەوەی ئـاڵتوونی هەنگوین بوو لە بنی شووشەودا، بە تایبەت کە ئەو کات مەددی شۆڕشگێڕیی بوو لە کوردستان، هەر بۆیەشە کە ئـەم دیوانـە تـاوەکو ئێسـتاشی لەگەڵـدابێ، نـە خوێنـەران لەبیریان دەچێ و نە منیش پێموایە تەواو بووبێ، ڕاستییەك هەیـە نـابێ فـەرامۆشی بکـەین، ئـەویش ئەوەیـە، کـە دەق شیعری باش، تۆوی بەردەوامی خۆی لە ناخی ڕستەکانیدا هەڵدەگرێ، جا لە هەر سەردەم و زەمانێکدا بێت، من لە دیمانەیـەکی تـردا بـە درێـژی بـاسی کـەش و هـەوای ئـەو سـەردمی دەرچـوونی دیـوانی خـاك و هـەڵۆم کـردووە، بە تایبـەت لـە کتێبی کۆکردنـەوەی شـەونمی شـیعردا، لـە دیوانی خاك و هەڵۆدا خۆشەویستی خاك و خۆشەویستی ژیان و ئـافرەت، بـە یـەك بەنـدی ئەشـق نـووسراوەتـەوە،

ناکات لەکاتی خوێندنەوەدا، خوێنەر جیاوازی ناکات، لە میانی هیچ یەك لەو سێ بابەتە سەرەکییەی شیعر، بۆیە ئەم دیوانە تاوەکو ئێستاش، هێزی کاریگەریتی خۆی لە دەست نەداوە، شتێکی دیکەی هەولدان هەیە، لەمەڕ چاپکردنی یەکەم دیوانی هەموو شاعیرێ، هەلبەت شاعیرە باشەکان، ئەویش ئەوەیە، کە شاعیر هەولدەدات هەموو هێزو بڕستی شاعیریەتی خۆی، لە نێو دیوانی یەکەمیدا گەلالە بکات و پیشانی خوینەرانی بدات.

من هەر لە دیوانی خاك و هەلۆ وە دەمزانی کە شیعر ئاگرە، کە ئاگرمان دەست نەکەوێ، ناچارین بە هەلمەتێکی پرۆمیتۆسیانە دەست بە دزینی ئاگر بکەین، لێرەدا شاعیر ئەگەر دزێکی گەورە نەبێت، ئەزموونی دزیکردنی خەللاق نەبێت، ناتوانێت بچێ بە گژ زەیوسەکان، ئەو گەوهەرە جوانانەی لێبدزێ، دزینی تیشك و ئاگر، کە رەمزی شیعر و ئەبەدییەتی داهێنانە، دەخوازم بلێم قۆستنەوەی تۆوی داهێنان، تەنها کاری شاعیرە ڕاستەقینەکانە، کە لە ژێر پیرۆزییەتی شیعردا دەژین.

وەك باسم کردووە، دوای چل سال لە شیعر و شەونخوونی و ئازاری ڕاستەقینەو هەلدانەوەی هەزارەها هەزار کتێب، لە یادی لەچاپدانی یەکەم دیوانی شیعریم، چی دەربارەی شیعر بلێم ئەی ئازادی؟

زۆر شت هەن، کە کات و ساتی خۆیان دێت.

- شـیعر چییـه و بـۆچی شـاعیران هێنـدەی بـه دویـدا دەگەڕێن و تەنانەت تەمەنی خۆشیان لەسەریا دادەنێن و ئامادەن تا پای مەرگ لە گەڵیا ئەم رێگەیە ببڕیون ؟

هەر خۆی ئەمە پرسیارە سەختەکەیە، کە مرۆڤ تاکەی گیرۆدەی لەززەتباری شیعر دەبێت، یاخود شیعر چییە کەوا مرۆڤ تاوەکو ئێستا، ئاوی جاویدانی و نەمریی لێ دەخواتەوە؟ هەرخۆی ئەو پرسیارانەی دەربارەی شیعر دەکرێن، جۆرێك لە گرفتی لێکدانەوەیە، لای من شیعر پەیامی ئێستەتیکی و ژیاریی هەیە، ئەو پەیامەش پەیامێکی دروشم بەند و حەماسگۆیی نییە، بەڵکو پەیوەستە بە زات و ناوەوەی ئینسانی شاعیر، واتە شاعیر بۆ گریان و کرانەوەی ناخی خۆی دەنووسێ، کە نووسینەوەی ناخیش، هەندی جار کۆکە لە گەڵ ناخی خوێنەردا، هەمان ئەو ناخەی شاعیرە، هەوڵ دەدات ژیان جوان بکات، یا مانایەك ببەخشێت بە مانەوەی مرۆڤ، کەواتە شیعر هەوڵێکە بۆ گۆڕینی بیرکردنەوەی ئەندێشە و لێکدانەوەی مرۆڤ، لە بارێکەوە بۆ بارێکی دیکەی جوانتر، ڕەنگە بپرسن شیعر چۆن دەتوانێ ژیان و مرۆڤ بگۆڕێت، ئایا هێزی شیعر چییە؟ تا بتوانێ و ئەو ناخەی ئەوانی دیکە هەڵتەکێنێ؟ ئەنگیزەی یاخود هەنجەتی شاعیر بۆ مانەوەی لە ناو دونیای شیعر هەر ئەوەیە، لەوەتەی مرۆڤ هەیە شیعر هەبووە، تا دونیاش بمێنێ شیعر هەر دەمێنێ، کە شیعر پەیوەست بێ بە دڵ، تا ئەو دڵە دەوەستێ کەلکەڵەی نووسینی شیعر، سەری شاعیر هەڵدەکۆڵێ، کە دەڵێن ئەقڵ بۆ خۆراوایە و دڵیش بۆ خۆرهەڵاتە، گوایە خۆر ئاوا دوورە لە شیعر و خۆرهەڵاتیش لە نێو شیعر و خەیاڵ دەژیت، پیم وانییە لە

هەموو ڕووەکاندا ڕاست بێت، چونکە خۆراوا کە ئێستا لەو پەڕی پێشکەوتن دایە، بەڵام شیعر تیمەیەکی گرینگە لە ژیانی شاعیرانیدا و هەر ماوە، شیعر نە پەیوەستە بە ئایدیایێکی ئاینییەوە، نە پەیوەستە بە تەکنۆلۆژیاوە، بەڵکو پەیوەستە بە دڵ و ئەقڵی مرۆڤەکانەوە، لەبەرداشی کۆتاییشدا، شیعر هەوڵدانە بۆ بەرجەستە کردنی مرۆڤایەتی، هەر ئەوەشە شاعیرانی راستەقینە بەدوایدا دەگەڕێن، لە رێگەی رستەیەکی ئێستەتیکی و ڕۆحێکی ژیارییدا، تا بەردەوامی ببەخشن بە جیهان و دەنگە دوورەکان بگاتە ئەوسەری دونیاوە، بەلایەوەش گرینگ نییە، کە نووسینی شیعر ئەیگەیەنێتە چ چارەنووسێکەوە، کۆی قسەکانم لەوەدا کورت دەکەمەوە، کە شیعر هیومانیزمییەتە، لە پێناو ئینسانە، لە پێناو سارێژکردنی ئەو برینانەوەیە کە سینەی مرۆڤیان سوورخن کردووە. لە پێناوی هێنانەدی جیهانێکی خۆشتر لەو جیهانەیە، دوا جار شیعر بۆ من بە درێژایی چڵ ساڵ ، تەنها ئەو کەشتییە ئەفسووناوییە پڕ لە گەوهەرە نەبووە، کە من خۆم بۆ لە دەریا و زەریاکان داوە، تەنها ئەو هەڵۆ سپییە نەبووە، کە من بە دوایا کێوی سەخت و ڕەوەزی دوورم بۆ بڕیوە، بەهەمان پێوانە ئەو پشکۆ نادیارەی یاقووتیش نەبووە، کە من لە پێناویا خۆم بەناو ئاگرا داوە، بەڵکو شیعر بۆ من جگە لەوانە ، ڕسکاندنی هەموو ئەو ئەو دەنگ و هاوارانەیە کە لەناخی مندا، وەك شەپۆل گینگل ئەدەن و بەرەو چوونە ناو نوور و ڕووناکی هانم ئەدەن، تا بمکەن بە

فێرژیل و ببم بە ڕێشاندەری هەموو ئەو کائیناتانەی ناو سینەم و بەرەو لوتکەیان ببەم ، نادیارییان بۆ بەرمەلا بکەم و بیاندەمە دەست ڕەها.

- دوای ماڵئـاوایی شـێرکۆ بێکەس،هەمیشــە دەنگــۆی ئەوەهەیە،گــوایە تــا ئێســتا کەس شــوێنی ئەو یــان تەجـاوزی ئەوی نەکـردووە، شـاعیرەکانیش، لە ئاسـت ئەم دەنگـــۆیە بێـــدەنگن، ئەمە تاچەنـــد پشتڕاستدەکەیەوە؟

هەمیشـــە دوای کـــۆچی هەر شـــاعیرێك، یـــا هـــەر داهێنــەرێ، کە ئەزمــوونێکی دوور و درێــژی لــە شــیعردا هەبێت لەگەڵ خوێنەرەکانیدا، هەمان ئەو دەنگۆیە دوای کـۆچی ئەو کەســە بـڵاو دەبێـتەوە، هـۆیەکەشی ئەوەیە، چـونکە هەمان ئەو شاعیرە خۆشەویستیی خۆی لە ڕووی شـیعرەوە، لەنـاو دڵی ئەو کەسـانەدا چانـدووە، بـۆیە زۆر ئاساییە کە ئەمجۆرە دەنگۆیانە بڵاو ببنەوە، بەڵام خودی شــێرکۆ بەم جــۆرە بیروڕایــانە رازی نــەدەبوو، ئەگەر لــە ژیاندابایـە، چـونکە شـێرکۆ شـاعیرێکی رۆشـنبیر بـوو، زۆر بە شـارەزایی مـامەڵەی لەگەڵ ئەم بیروڕایانە دەکـرد، مـن زۆر لە نـزیکەوە شـارەزای ئەندێشــەی شـێرکۆی شـاعیر بـووم، کـاتێکیش کە بێـدەنگیی هەبێـت لەم ڕووەوە بەو مانــایە نایەت، کە هیچ وەڵامێک لە ئارادا نەبێ، چونکە پرۆسەی شــــیعریی پرۆســـەیەکی دینامیکییـــە، قبـــووڵی وەســـتان و سەقامگیری ناکات، لەنێو ڕەحمی پرۆسەیێکی دیالیکتیکیدا دەژێت، یەکێ لە فەیلەسووفەکان کە هیراکلیتسە دەڵێت ، تۆ ناتوانی دووجار لە ناو هـەمان ڕووباردا مەلە بکـەیت ، مەبەستی گۆڕانی بەردەوامە، هەر بۆیەش ناکرێ بڵێین بە مەرگی کەســـێک ئەم پرۆســـەیە دەوەســـتێت، شـــیعر ناوەستێ، نوێ بوونەوە ناوەستێ، ئەگەر وەستان هەبوایە، ئەوە دوای کۆتـایی هــاتنی قۆنــاغی نــالی، شـــیعری تـــازە نەدەهــاتە کـایەوە، یـا دوای مەحــوی دەوەســتا، یـا دوای دانــتی، ئیــدی داهێــنەرێکی دیــکە نەدەهــاتە کـایەوە، لەم ڕووەوە نموونەمان زۆرە، بۆیە مەرگی شێرکۆ مانای کۆتایی

هاتن و وەستانی شیعری کوردی نییە، ئەو کاری جوانی خۆی لە مەودای شیعری کوردیدا کرد و تێپەڕی، نەوەکانی دوای ئەو لەنێو سرووتەکانی شیعری پێش خۆیان دەژین، بەڵام مەرج نییە کۆپی ئەوان بن ، وەک دەڵێن کە مەسەلەیێکی رووسییە، کەسێ بەسەر گۆڕستانەوە وەستا بوو، دەیگوت ئەوانەی ژێر ئەم گۆڕانە وایان دەزانی دوای ئەوان کارەکان هەڵناسووڕێن، بەڵام دونیا نەوەستاو هەر بەردەوامە. لەدوای مردنی کەسێ دونیا ناوەستێ، هێشتاکە زۆر شت ماوە نەنووسراوە، کە هەرگیز کۆتاییان نایەت، کەواتە شێرکۆ وەک شاعیرێکی گەورە کۆتایی رێگە نییە، رەنگە شاعیرانی زۆر مەزن بێنە کایەوە و درێژە بە رێگەی ئەو بدەن، یا رێگەی تایبەتی خۆیان هەبێت.

- زۆر گوتاری ئەدەبی لەمەڕ شیعرەکانی تۆ نووسراوە، تا چەند هاو ئاهەنگ بووینە لە گەڵ شیعرەکانی تۆدا؟ هەستم کردوە کە باس لە شیعر دەکرێت هەمیشە ناوی تۆلە پێشەوەی ناوەکاندایە ، تۆ چۆنی دەبینی؟ هەروەها لەپاڵ شیعر وەرگێڕانیشت هەڵبژارد، ئەوەی تێبینیم کردبێ، یان ئەو کەسانەی لەسەر بەرهەمەکانتیان نووسیوە، لە کامەیان تۆیان زیاتر لە داهێنان یان رای جیاواز پێناسە کردووە؟

بە دریژایی تەمەنی خۆم، ئەوەی بۆی دەژیم و بۆی ژیاوم شیعر بووە و لەو پێناوەش قوربانی زۆرم داوە و تەنانەت ژیانی خۆشم لەو ریگەیە لە بیر کردووە، شیعرلای من ئامانجە، ئامانجی ئینسانیبوونە، ئینسانیبوونیش پاکی و خۆشەویستییە، تۆ باش دەزانی من هەموو ژیانم شیعر بووە، ژیانێکی خۆشم هەڵنەبژارد، بەڵکو ژیانی سەختی ئەدەبیاتم هەڵبژارد و لەو رێگەوە تووشی گەلێ کارەساتی دەروونی و ناهەمواری بوویمەوە، ئاوارەی وڵاتان بوویمە و لە پێناوی ئەو سومعەیەدا، وازم لە هەموو جۆرە ژیانێکی خۆش هێناوە،، بۆیە بۆ من شیعر ئامانجی ژینم بووە، هۆکارێك نەبووە بۆ هیچ شتێ، ئەوە کاری راستەقینەی ژیانی شاعیری راستەقینەیە، ئێستا شیعر بۆتە ئاییبی من، ئەوانەیش دەیانەوێ لە ناو شیعر و ئەدەبیات ساغ ببنەوە، دەبێ واز لە زۆر شتی خۆیان بهێنن، راستە من کاری وەرگێڕانیشم کردووە، بەڵام من وەرگێڕ نیم، ئەوەیش کە بەرهەمم هێناوە، ئەوە بووە، کە پێم خۆش بوو وەك چۆن من لەززەتم لەو بەرهەمانە وەرگرتووە، کە خوێندبێتمەوە ، حەزم کردووە خەڵکان و خوێنەری تریش لێی بێ بەش نەبن، جا یا ئەوەتا سوودی بۆ کێشەی نەتەوەکەم هەبووە، یا بۆ پرۆسەی تازەکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردی بووە، بۆیە کارم تیا کردووە و بۆ زمانی خۆم وەرمگێڕاون، خەڵکانێکی زۆر سەبارەت بە شیعرەکانی من گوتارو وتاریان نووسیوە، کە گوزارشتیان لە رای خۆیان کردووە، ئەوەیش دەیسەلمێنێ کە من کارێکی بە جێم کردووە، لە نێو رەوتی

شیعری کوردیدا ، چ بە نووسینی دەق شیعریی بێت، یا بە نووسینەوەی تیوری بێت، دەربارەی شیعر، بۆیە وتارگەلێکی رەخنەیی زۆرم لەسەر نووسراوە، کە دەڵێم رەخنەیی مەبەستم گوتارە، رەنگە ئەگەر کۆیان کەمەوە، کتێبێکی قەبارە گەورەی بە چەند بەشی لێدەربچێ، نامەوێ باسی چاك و خراپی ئەو نووسینانە بکەم، بەڵام هەموویان لە بەرداشی کۆتاییدا، لە بەرژەوەندی من دەکەونەوە، ئەلێرەوە پێویستە سپاسیان بکەم، ، کە کاتێکی بە نرخی خۆیان بەخشیوە بە شیعرەکانی منەوە، حەزدەکەم ئەوەت پێ بڵێم، زۆربەی ئەوگوتارانە، لە لایەن نووسەرە دیارەکانەوە نووسراون، بۆ نموونە، عەتا قەرەداغی ، فازیل شەورۆ، نەجات حەمید، زانا خەلیل، نازم دڵبەند، بۆتان جەلال، سامی هادی، تریفە ، مەسعود پەرێشان، رەفیق غەفور، دلشاد کاکی، هاشم سەراج، موتەلیب عبداللە، ، شوکرسەعید، گەلێکی تر، کە نایەنەوە خەیاڵم و خۆشم ئەرشیفیانم نەکردووە، جگە لە نامەی دکتۆرا ، کە بە کتێب چاپکراوەو بڵاو بۆتەوە، لە ژێر ناوی فەلسەفەی شیعرو شیعری فەلسەفی، لە لایەن دکتۆر سەنگەر قادرەوە، هەروەها گەلێ شاعیری ناوداریش بیروڕای خۆیان بە نوسین لەمەڕ شیعرەکانم بڵاو کردۆتەوە، وەك ئازاد عەبدولواحد و ئەنوەر شاکەلی و شێرکۆ بێکەس ، گەلێکی دیکە، سەبارەت بە ناوی من کە لە پێشەوەی ناوەکان هاتووە، ئەوەیان نازانم، من بۆخۆم هێندە موبتەلای ئەوە نیم لە ریزی پێشەوەدا بم یا لەریزی دواوەی شاعیراندا،

زۆر لەجۆرە بیرورایانە دوور کەوتوومەتەوە، شیعر خۆی پێناسەی خۆی دەکات، جا تۆ ناوت لە دواوەی شاعیرەکان بێت، یا لە پێشەوەی شاعیراندا، ئەوە شیعرەکەیە ئەو هەلبژاردنە دەبڕێتە بەر باڵای ئەو شاعیرە، تەنها بەرهەمی باش و دەق پالاوتەیە، کە شاعیر بەرز دەکاتەوە و خوێنەر بە چاوێکی گەورە سەیری دەکات و پایەی پێدەبەخشێ، خۆ نالی بە پێوانەی خوێنەران نەبۆتە ئەو شاعیرەی کە پایەیێکی بەرزی هەیە، ئەوە شیعرەکانیەتی، پایەی ئەویان بردۆتە ئاسمان.

- گرووپی روانگە سەری هەڵدا، ئایا ئێستا هیچ گروپێکی شیعری هەیە، خۆیان لەم رۆژەدا بەمجۆرە بابەتانە ناو زەدبکەن؟ ئەگەر هەن، تۆ وەکو شاعیرێکی دیار، تاچەند لەگەڵیانی یان دژایەتیان دەکەی؟

له مەڕ بزووتنەوەی ڕوانگە، کە زۆری لەسەر نووسراوە و خۆشــم زۆر جــاران باســم کــردووە، راســتییەك هەیــە ناشــاردرێتەوە، ئــەویش ئەوەیــە کــە ڕوانگــە پێداویســتیێکی ئــەدەبی بــوو، بــۆ ســەرهەڵدانی قۆنــاغێکی تــازە لــە شــیعری کوردیدا، دوای قۆناغی گۆران وشێخ نووری شێخ صالح و پیربال مەحمود و مەدحەت بێخەو و کەریم شارەزاو عەین شــەونم و کاکــەی فــەللاح و ئەوشــاعیرانەی کــە لــە ریــزی مێژوویی ئەوانەدا بوون، هەرچەند دەستەی ڕوانگە، وەك خۆشیان دەڵێن، هەولیان داوە وەك جەماعەتی شەست و نــۆی شــیعری عــەرەبی کــاریَ بــۆ نویبوونــەوەی شــیعری کــوردی بکــەن، بــەڵام دیــدگاو بینینیــان جیــا بــوو، چونکــە دەســتەی ڕوانگــە لــەژێر کاریگــەرێتی بــاروزروفی ناهــەمواری سیاســی کوردبــوون و بــە دوای ئــازادی دا دەگــەڕان، تــا رادەیــەکی زۆر بــاش توانییــان، خۆیــان وەك بزووتنەوەیــەکی شــیعری لــە نــاو ڕەحــمی ئــەدەبیاتی کوردیــدا بچەســپێنن، هەلبەت توانیشیان گوێچکەی خوێنەری کورد بە شیعری تازەو هاوچەرخ ڕابهێنن، کە پێشتر بە شیعری کلاسیك و شــیعری نــەوەی گــۆران راهــاتبوون، زۆربــەی شــاعیرەکان کەوتنە ژێر کاریگەرێتی ئەو بزووتنەوەیە، ڕازی بن باخود نا، هــەمان ئــەو بزووتنەوەیە بەرهــەمی خۆیــان بــڵاو کــردەوە و دەقی جوانیشــیان پێشــکەش کــرد، بۆیــەش دەتــوانریَ وەك بزووتنەوەیــەکی شــیعری، لــە مــێژووی ئــەدەبی کوردیــدا بــژمیردریَ، چونکــە بــەیانی تایبــەت بــە خۆیــان هــەبوو، گۆڤاری تایبەت بە خۆیان هەبوو، بەرهەمێکی زۆریان بڵاو

کـردەوە، داکۆکیـان لـە خۆیان دەکـرد، پاشـان پـرۆفیلێکی نەتەوەییشیان هەبوو، ئەمانە هەمووی وایکرد خۆی لە ناو مـێژوودا بـە زینـدوویی بهێلێتـەوە، بـەڵام خـۆ ئـەو کاروانـە بەوەندە ناوەستێ ، هەلبەت لە دوای ڕوانگەوە بزووتنەوە و دیاردەی ئەدەبی زۆر سەریان هەڵداوە ، بەڵام بەداخەوە بەرنامەی تایبەتی خۆیان نەبوو، کە وەکو ڕوانگە لەسـەر پێی خۆیان بوەستن، سـەبارەت بـەوەی کـە ئاخۆ گـرووپی دیکـە هـەن لـە ئێسـتادا؟ هەلبـەت وەکـو گـوتم زەمـەن ناوەستێ و هەوڵە ڕۆشنبیرییەکان ناوەستن، بۆیە ئەم جۆرە گــرووپ و بزووتنــەوە ئەدەبییانــەش ســەرهەڵدەدەن و سـەریان هەڵداوە، من بە دوورو درێژی باسی ئەو گروپ و بزووتنەوانـەم کـردووە، لـە یـەك لـە ژمارەکـانی گۆڤـاری نووسەری کورد، بۆیە نامەوێ دووبارەی بکەمەوە.

- وێنـای شـیعری کەسـانی دی یـان شـیعری شـاعیرانی غەیـرە کـورد، هـیچ جارێـک بـۆتە هەوێـنی نووسـینی شـیعرێکت، بەتایبەتی هی فارس یا هی عەرەب؟ ئەگەر هەبووبێ لای خۆت، ئەم شیعرە چۆن بینراوە؟

له مەڕ ئەوەی کە ئایا بووە، بکەومە ژێر کاریگەرێتی دیمەنێکی شیعریی شاعیرانی عەرەب یا فارس یا تورك یا هەر نەتەوەیەکی دیکە، ئەوەیان شتێکی زۆر ڕوونە، کە هەموو شاعیرێ لە کاتی خوێندنەوەی خۆیدا، بە زۆر شیعری شاعیرانی دونیا سەرسام دەبێ و کاری تێدەکەن، ئاخر شاعیر لە ئەنجامی خوێندنەوەی بەردەوام، دەبێتە خاوەن دید و دیدگای شیعری خۆیەوە، ئەگینا، هەر بەتەنها بە خوێندنەوەی شیعری خۆمان، ناتوانین گۆڕانیك لە ئەتموسفیری شیعرەکانمان بکەین، بەلام کاتێکیش کە سەرسام دەبین بە ئەدەبی دونیا، ئەوە بەو مانایە نییە، کە بێین و وەکو ئەوان بنووسین، بەلکو دەبێ بەرهەمهێنەری دەق تایبەت بە خۆمان هەبێت، لە نێو گەلانی تورك عەرەب و فارس، شاعیر و نووسەری بەرزو بە توانا هەن، بەرهەمگەلێکی زۆری ئەوان کەوتۆتە بەر دیدی ئێمەی شاعیرانی کورد، هەلبەت لەکاتی خویندنەوەیانا شاعیر بیرۆکەی تری شیعری بۆ پەیدا دەبێت، کە لە رووی فۆرم و ناوەرۆکەوە زۆر جیاوازن، چ شاعیرێ لە ئیمە نالەی جودایی هێمنی شاعیری نەخوێندۆتەوە، کە لە ژێر کاریگەرێتی شیعری رومی نووسیویەتی کە دەلێتن : **بشنو از نی چون حکایت میکند** بەلام بە نەزم و ریتمی ناوەرۆکێکی دیکەوە، کە جیاوازە لەگەل رومیدا، هەلبەت ئەو حالەتانە زۆرن لە ئەدەبی کوردیدا.

- زۆر جــار لەشــيعرەكانتا جيهانێــك لــە عاشــقبووندا دەبينم؟ ئايا ئەمە ناگەڕێتەوە بۆئەوەی تۆ لە عەشقدا تواویتەوە، یاخود ئەوە ناگەیەنێ کە تۆ باوەڕت وایە کە هەموو شتەکان بەسەر دەچن، جگە لە عەشق هیچی تر نامینێتەوە ؟

کە باسی ئەوین و ئەشقم کردووە، دەکرێ بڵێم من بەردەوام لە نێو ئەتمۆسفێری ئەویندا ژیاوم، بۆیە کە دەڵێی تۆ لەو نێوەندە تواویتەوە، ئەمە ڕاستە، بەڵام من ئافرەتم بە ئەشق و ئەوینێکی فراوان و ئەشقێکی فەلسەفی دەورەداوە ، کە هەرگیز جگە لە پەیوەست دانی ئافرەت بە بەهایەکی مەزنی خۆلقاوی نێو سرووشت، بە هیچ شێوەیەکی دیکە مامەڵەم لەگەڵدا نەکردووە، جگە لە بەهایەکی ئینسانی گەورە، بیرم لە رەهەندێکی دیکە نەکردۆتەوە، چونکە شیعرەکانی من بەوە ناودارن کە هەمووی بۆ تیمەی جوانیی نووسراوەن، بەڵام من باوەڕم بەوە نییە کە شیعر بۆ تۆمارکردنی جوانیی جەستە و ئەوینی سادە خولقا بێت، گوزارشت کردن لە ئەوین و خۆشەویستی پێویستی بە گەورەکردنی تیمەی ئافرەت هەیە، پێویستی بە رزگارکردنی ژن هەیە، پێویستی بەوە هەیە بەهای جوانی ئافرەت لە شیعردا تۆمار بکرێت وەك بەهایەکی ئینسانی، نەك گریان و لالانەوە بۆ جەستەی ئافرەت، هەموو شیعرە نەمرەکانی دونیا بەوە بوونەتە نەمر و جاوید، کە سەراپای بەهای جوانی ئافرەتیان پاراستووە، نەك وەسف کردنی جوانی، بە چمکە رووتەکەیەوە ، من تەواوی شیعرەکانم بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە و پەیوەندییەکی بەهێزم بۆ شیعرەکانم خوولقاندووە لەگەڵ ئافرەتدا، دەبێ ئاستی ئافرەتیش وەك بەهای جوانی بەرز بکرێتەوە لە هونەردا، نەك وەك بەهای جەستەیی، بە شێوەیەك هەم شیعرەکە نەمر بکات، هەم ئافرەتیش،

لای شـاعیری راسـتەقینە، شـیعر پرۆسـەی دامەزرانـدنی مەملەکەتێکی جوانیی شیعرییەتە بۆ ئافرەت، نەك پاوانێك بۆ ڕنینەوەی جەستەی ئافرەت، من هەوڵ دەدەم ئافرەت بەرز و بەهادارکەم، بۆ پێگەی نەك لە پێناوی جێگەی، بزانە مەولانا ڕومی سەبارەت بە عەشق و خۆشەویستی چی دەڵێت: تەنها تێنووەکان واتە عاشقەکان نین، کە بە دوای ئاودا دەگەڕێن، واتـە بـە دوای عەشـقا دەگـەڕێن، بـەڵکو ئیشق و ئاویش بە دوای ئەوانەوە دەگەڕێن، ئیدی لە نێو ئەم یەکیەتی بوونەی شاعیر، ئیشق خەسڵەتێکی ئەزەلییە.

- هەر بە بۆنەی ئەم پرسیارەوە جوانیی چۆن دەبێتە پارسەنگی ژیان ، یا چۆن لە ویژدانی شاعیر پێناسە دەکرێ؟

پرسیارێکی بە جێیە و لە شوێنی خۆیەتی، یەکێ لە شاعیرەکانی دونیا بەداخەوە ناچمەوە سەرناوەکەی، کە من ئیستا پێموایە ئۆدنی شاعیرە دەڵیت : کە جوانیی دەبینم دەمەوێ ببم بە دوو کەس، لای من وەڵامێکی زۆر کورتکراوەیە بۆ جوانیی، ڕەنگە ئەگەر بیوتیایە کە جوانیی دەبینم ، دەبم بە هەزاران هەزار، هێشتا کەم بێت، جوانیی بە ملیۆنان ڕەهەندی هەیە، بە تایبەت لای شاعیر، تاوەکو ئێستا لە سیفری درووست بوونەوە هیچ پێناسەیەك بۆ جوانیی وەك بەهایەکی ئینسانی نەدۆزراوەتەوە، کە بە تەواوی مانای وشەکەوە دارێژرا بێت، هەرگیزیش دانارێژرێت، من بۆ هەمان ئەو پرسیارە نازانم لە کوێ بوو، یا کەی بوو، بلاویش بۆتەوە، قسەم کردووە بۆ مەسەلەکانی جوانیی، رەنگە ئێستا هەندێ شت بڵێم سەبارەت بە جوانیی، جیاواز بێت لەگەڵ ئەوەی کە گوتوومە و بڵاو بۆتەوە، بەڵێ بیرم کەوتەوە لە کتێبە تازەکەی ئاورەحمانی مارف بوو، دەربارەی ئێستەتیك و جوانیی، شوانێ کە لەگەڵ ڕانە مەڕەکەی خۆیەتی، هەموو دونیای جوانیی لەوە کورت دەکاتەوە، کە بە بلوێرەکەی پەرت و بڵاوی ڕانەکە کۆ بکاتەوە، خۆ ئەوە مەبەستی بلوێرەکەی شوانە نییە، بەڵکو شوانە ڕۆحی ئاشقانەی خۆی، کە پارچە پارچە بووە، کۆ دەکاتەوە، ڕەنگە کەسێك پێی وابێ کە یاری سێرك ئەکات، بە سەر گوریسێکی باریك، جوانیی لەوەیە کە بەسەر ئەوگوریسەدا ڕەت بێ، یا خودی تۆ کە ئەم پرسیارە دەکەیت، لەززەتی جوانیی لەوە

دەبینیت، کە تۆ چۆن منت سەبارەت بەو پرسیارە خستۆتە ناو ئەم گێچەڵەی بیرکردنەوە، ئەمانە و هەزاران هەزار نموونەی وامان هەیە، کە هەرگیز لە کۆتایی نایەن، جوانیی وشەیەك نییە بە تەنها پەیوەست بێت بە سرووشت یا ئافرەت، لای ئەرستۆ جوانیی ئەوە بوو، کە خۆت بناسی، لای شەکسپیر جوانیی ئەوە بوو، چۆن لەو گومانە رزگارت بێت، کە هاملێتی پێ نووسی، بۆیە ناکرێ جوانیی و مەسەلەکانی جوانیی لە نێو قاوغێك قەتیس بکەین، ئەوە باشلارە کە پێی وایە جوانترین جوانیی لەوەیە، چۆن مەلێك هێلانە بۆ خۆی درووست دەکات، کروتشێ کە باس لەو منالە دەکات کە چۆن خۆی لە لیمی کووچە وەردەدات، پێی وایە پرۆسەیەکە لە بونیات نانی جوانیی، کەس پێی مومارەسە ناکرێ. جوانیی لە هەموو شوێنێکە وەیە ، لە ژێر پێمان و لە سەر سەرمان و لە نێو کراسەکانمان و لە نێوجادە و کۆڵانەکاندا، بەڵام دەبێ پەی پێ ببەین و بیدۆزینەوە. دەبینی ئەو جوانییە چ کارەساتێکە.

- ئەو شیعرەی بۆ سلێمانیت نووسی، شیعرێکی مەزن بوو، دەنگی دایەوە، هەتا لە سلێمانی وەك ناملیکەیەك چاپکراوو بڵاو کرایەوە. رەنگە کەسانێ وابزانن کە جۆرێك لە لایەنگیری تیا بێت، تۆ رات چییە؟

ئەم شیعرە گوزارشت لەوە دەکات کە نێوەندی ژیان و گوزەران گۆڕاوە، هەموو دەوروبەر شیرینی خۆی لە دەست داوە، باری دەرونی و هەستی ناسك لە ئارادا نەماوە، بۆیە هەتا ئاشقەکانیش وەك جاران نەماون، هەموو ئەو گۆڕانە بەرەو نــاخۆشی بە هــۆی ئەوەوەیە کە ئــێمە لەم وڵاتەدا نەمــانتوانیوە سیســتمی ژیــان رێکــبخەین و بــاروزروفێکی خــۆش درووســت بکەیــن، هەر بــۆیەش خۆشەویســتی و ئەشق لە مەترسیدایە، کاتێکیش کە خەڵکی بە پیرۆزییەوە ســـەیری شـــتە جوانـــەکانیان دەکـــرد، هەیـــبەت و قودســـیەتیانن هەبــوو، بەڵام ئێســـتاکە خەڵــکی رێــز لە رەمزەکانی خۆیان ناگرن، کاتێکیش کە مرۆڤ ڕێی دەکەوێتە ملکەندی دەبینێ گەنجەکان هەمووی بەرەو مەنفا چووینە و وڵات وردە وردە لە هێزی گەنجان خاڵی دەبێت، کاتێ کە گەیشتمە توی مەلیك شیعرەکەی پیرەمێردم بیرهاتەوە کە بــۆ پەریخــانی نووســیبوو، بەڵام ئێســتاکە پەریخــان لەبەر نــاخۆشی ژیــان هــێزی ئەوەی نەمــاوە قژیشیـ شــانە بکات، هەموو ئەو کۆپلە شیعرانە رەنگدانەوەی تێکچوونی ژیانی تاکە لە وڵاتی ئێمەدا، من دوای نووسینی شیعری سلێمانی و تــاوەکو ئێســتا، بیروبۆچــوونی وام نەبیســتووە، لــە هــیچ شوێنێکیش شتی وا بڵاو نەکراوەتەوە، چونکە من دروشمم بۆ سلێمانیی نەنووسیوە، بەڵکو شیعرێکی خەمەنگیزە لە بــاروزروفی کوردســتان بــە گشــتی، مــن بــە دیــدگاییکی ئێســـتەتیکی دژ بـــە ئێســـتەتیك، باســـم لـــە ســـلێمانی کــردووە،وەك شــارێکی پــڕ لــە جونبوجــۆش، پەیوەنــدی بە

هیچ لایەنێکەوە نییە و تانەوتەشەرەی تیا نییە، ئەوەکاری من بووە بە درێژایی ئەزموونی شیعریم ، من باس لە خەمگینی خۆمم کردووە لەکۆی ڕووداوەکاندا ، ئەوەیش بە شێوەیەکی ئێستەتیکی ڕوون و ئاشکرا، بە پێچەوانەوە، لە هەموو لایەکەوە دەستخۆشیم لێکراوە، ئەم شیعرە بۆ خاتری زۆنەکان نەنووسراوە، بەڵکو بۆ ڕۆحی هەمیشە زیندووی مێژووی سلێمانی نووسراوە، شیعرەکانی من بە گشتی ناخزێنە ژێرباری ئەو بابەتانەوە، بە هیچ جۆرێ، من لە شیعردا دیدگای ئینسانی خۆم دادەڕێژم و شیعری ئینسانی دەنووسم، هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕستەیەکم وەك دروشم نەنووسیوە، من هەمیشە وادەکەم کە هەموو خوێنەرێ خۆیان لە ناو شیعرەکانمدا بدۆزنەوە.

- کەواتە ناکرێ وابکەین شاعیر بە تۆری لیکدانەوە بگرین لە کێڵگەی شیعرەکانیدا ، کەواتە چۆن بتوانین لە مەبەستی شاعیر بگەین؟ نامۆ بوون دیاردەیەکی پەیوەست بەبیرکردنەوەی ئەدیب و رۆشنبیرانە، تۆ وەکو شاعیر لەمبارەیەوە چی دەڵێیت؟

له دونیای شیعردا، ئامانجێك هەیە، ئەویش ئامانجی گەیشــتنە بــە تــرۆپکی مەســەلەکانی مرۆڤایــەتی، ئــاواتی گەیشـتن بـە بـەدیهێنانی سرووتـێکی مرۆڤایـەتی، ئـاخۆ ئـەم ئامانجـە کـە پـەی بردنـە بـە ماهییـەتی ئینسـان و کـەون و کائینـات ، چ جەدوایـەکی هەیـە کـە شـیعر و ئـەدەبیات و فەلسـەفەو رۆشـنبیریی هـەوڵی بۆ دەدەن؟ ئەمـە ئارمـانێکی بوونگەراییـە، کـە هـەڵبژاردن دەکـا بـە سـەختترین مانـای وجــوودی خۆیــەوە، هەڵبــەت سەرتاســەری ئــەدەبی بوونگــەرایی، وێڵــە بــە دوای ئــەم پرســیارەوە، کـامۆ لــە نووسینەکەی خۆی دەربارەی مرۆڤی سەرکێش یا شاعیری یــاخی، بــە هــەزاران لێکدانــەوەی کــردووە، بـەڵام ئــاخۆ گەیشـتۆتە وەڵامی پرسـیارەکانی خـۆی، بـەڵێ ڕاڤـەی زۆری کردووە، بەڵام هەرگیز ناگاتە ئەو مەبەستەی ئەو دەیەوێ، جـا تێگەیشـتن لـە مەسـتی شـاعیریش هـەر ئاوایـە، چونکـە گـەر بتەوێ لەمەبەسـتی شـاعیر بگـەیت، بە تـەواوی وەکـو ئەوەیە، بە تەواوی بگەیتە مەبەستی سیفری خەڵق بوون، چما شـاعیر خـۆی دەگاتـە مەبەسـتەکانی خـۆی؟ هەڵبـەت من ئەو قسانە بۆ شیعری مـەزن و دەق باڵا دەکـەم، وەك شیعری دانتی و شیعری ئەلیوت و شیعری نالی و جزیری، نەك بۆ ئەو ملیۆنەها شیعرەی لەسـەر زەمین دەنووسرێ، دانـتی لـە سـەفەری بـۆ تەبەقـەکانی ئاسـمان، دوای مـەرگی مەعشووقەکەی، دوای چەندین ساڵ چاوی بە پەیاتریس ئەکــەوێ، زمــانی لــە گــۆ دەچێ و پــەنای بــۆ فــێرژیلی ڕێشـاندەری خـۆی ئـەبات، دەڵێ ئەوهـەموو ڕووناکییـە بـوو

مەبەستم؟ پەی بەوە نەبرد بوو کە مەبەستی خۆی چی بوو، هەردوو چاوەکانی خۆی دائەخات، کەواتە گەیشتن بە مەبەستی شیعری ڕۆحێکی سووتاو زەحمەتە، دەبینی من چەند بە زەحمەت باسی ئەو پرسیارە زەحمەتەت بۆ دەکەم، کە لە ڕوودا چەند ساکارەو لە قووڵاییشدا چەند پڕ مەشەقەتە؟ نامۆ بوون بۆتە دیاردەیەکی ئەم سەردەمە، کە شاعیریش تاکێکی ئەم سەردەمە پڕ لە هەراوزەنایەیە، ڕەنگە ئەوە زۆر راست بێت کە شاعیرەکان زیاتر لە دەوروپشتی خۆیان تووشی وەسوەسەی نامۆ بوون دێن، نامەوێ باس لە کۆنسێپتی نامۆیی بوون بکەم، ئەمە بابەتێکی دوورودرێژە، تەنها باس دەکەم کە ئەدەب شیعر و قووڵ بیرکردنەوەی کاراکتەرانی ئەم نێوەندە، بۆچی دەکەونە نێو کەوانەی نامۆ بوونەوە، هەموو ئەو کاراکتەرانە بە بیرکردنەوە لە جیهانی دەوروبەر و کێشە فیکرییەکانەوە، تووشی داوی نامۆ بوون دێن، بەتایبەت شاعیران و چیرۆکنووسان و هزرمەندەکان کە جیاوازترین چینی بیرکردنەوەی ئەدەبی و فەلسەفین، کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانن، وا دەکەن تووشی نامۆیی بن، زۆرجاران شاعیران لە نێو نیشتیمانی خۆیان تووشی ئاوارەیی و ئاوارتەی فیکری دەبن، دیارە کە ئەو هەل و مەرجەی ئەوان تیایا دەژین، بکوژی ئازادییەکانی ئەوانن، ئاخر ئەمە فەلسەفەی نامۆ بوونی شاعیرانە، نەك لە بەرگی لێکدانەوەی ئەم کەون و کائیناتە، وەك چۆن خودی فەیلەسووفەکان وادەکەن، بەڵکو لە بەرگی چنینەوەی

ئەو هەموو دەنگ و سەدایەی کە لە نادیارەوە بۆ ئێمە هەڵدەڕژێ و نایاندۆزینەوە، فەلسەفەی دۆزینەوەی یۆتۆپیایە، کوشتنی دێوەزمەی دیستۆپیایە، لە ڕێگەی ئەم تێگەیشتنەوەیە کە دەتوانین لەگەڵ شیعردا ئاشتبوونەوەیەکی ئاهەنگئامێز دروست بکەینەوە، شاعیر وەکو کەسێ وایە کەوتبێتە ناو دڵی تاریکی، لە نێو دارستانێکی چڕدا، کە تەنها بە دەرهێنانی دڵی دەتوانێ، بە نێو ئەم تاریکییەدا گوزەربکات و ئەو دڵەی وەك مەشخەڵە ئاگرێك بکات بە ئامرازی پەڕینەوە. جاکێ ئەتوانێ دڵی خۆی دەربهێنێ و بیکات بەو مەشخەڵە؟ هەڵبەت ئەوە مەحاڵی شاعیرە، چونکە شاعیر بەو دڵەوە ئەژیت، بەڵام ئەی ئەوە نییە شاعیر بەردەوام ئەو دڵەی لە نێو سینەدا هەڵئەقرچێ و ڕووناکی دەبەشێتەوە بۆ هەموو ئەوانەی لە نێو تاریکی ئەو دارستانەی مرۆڤدا دەژین؟ ئەی ئەوە دڵی شاعیر نییە بۆ هەموو ئینسانەکان دەسووتێت و لە نێو قەفەزەی سینەدا هاوار دەکات؟ ئەی دڵ دەرهێنان مانای چییە؟ هەر ئەوەیە کە شاعیر ئەنجامی دەدات، هەر ئەوەشە نامۆیی شاعیر.

- یەکەمین پارچە شیعری خۆت کەی نووسیوەو لە کام قۆناغی ژیانت بووە و بە چ مانایێ نووسیوتە و چۆن بڵاوت کردەوە، ئێستاکە بە شیعری دەزانیت؟ یا شیعر بۆ تۆ چی دەگەیەنێ؟

یادەوەرییەکی زۆر خۆشە، ئیمە کۆمەڵێ هاوڕێ بووین لــە ســاڵانی زوودا، بــە یەکــەوە ســەردانی بــەردەوامی کتێبخانەی گشتیمان دەکرد، کە ئەوسا لە شوێنی ئێستای لای بەرلەمان بوو، بۆ نموونە هەندێکیانم لە بیرە و ماون لە ژیاندا و هەندێکی تریان کۆچی دواییان کردووە و نەماون، وەك کـەریم سـۆفی کـە ئێسـتا نووسـەرو وەرگـێڕێکی باشـەو قەرەنی جەمیل، کە یەکیکە لە گەورە هونەرمەندانی کورد و جیهــانی و ســلێمان خالیــد کــە بەداخــەوە نــەماوە و دیزانـەرێکی لێهـاتوو بـوو، هـەروەها محەمـەد وەسـمان کـە خـاوەنی چەنـدین کتێبی ئەدەبی و فەلسـەفییە، لە گەڵمان دابوو، ئەمە و زۆرانی تر کە ژیانی ئەو سەردەمەمان هەر لە کتێبخانەدا بەسەر دەبرد و هیچ کتێبێکی شیعری کلاسیکی کوردی نـەمابوو، یەکدوو جارمان نەخوێندبێتەوە، ئیدی ســەرەتای ســەرهەڵدانی بیرۆکــەی ڕۆشــنبیری و ئــەدەبی و هونـەری بـوو، لـە ژیـانی ئیمـەدا، هـەر ئـەوەش وای کـرد، دوای سـەرنەکەوتنم لـە کاری وێنەکێشـاندا، کـە سـەرەتای دەسـت پێکـردنی مـن بـوو، کەوتمـە سـەر نووسـینی شـیعر، زۆر خـۆم بـە نووسـینی شـیعرەوە خـەریك دەکـرد، تـا وای لێهـات، تـۆزێکی زۆر بچـووك لـە دونیای شـیعرەوە شـارەزا بــم، دوای چەنــد ســاڵێك، وای لێهــات بتــوانم چەنــد ڕستەیەکی شـیعری بنووسـم، یەکێ لـەو کورتـە شـیعرانەی کە بۆ یەکەمین جار بوو پەڕوپۆی شیعری کردبێ، هەمان ئەو پارچە شیعرەی خوارەوە بوو کە نووسیم ، گوایە باسی چـوار پارچەکە دەکەم، بە تەواوی ئەو پارچـە شیعرەم لە

ناو گۆڕستانی شێخ مەلا ڕەشیدی تەیراوە نووسیوە، گۆڕستانێك بوو لە ناو ماڵاندا، ئەوکات جێی دانیشتنی برادەران بوو، با ئەوەش بڵێم ئێمە لە گۆرستاندا گەورە بووین، ئەمەش شیعرەکەیە، کە ئێستا لێی ورد دەبمەوە، بە بەراورد بۆ ئەو سەردەم زۆر ڕێك و لەبارە، هەلبەت دوای چەند ساڵێك لەو باسانەی کە تۆمارم کردن:

چوار پەپوولە
بۆ مژینی شیلەی گوڵێ کەوتنە جوولە
ئەوەندە دەمیان لە ناو دەمی ئەو گوڵە نا
پاش ئەوەی هەر پەپوولەیێ
بە باڵ کەوت و دەمی سڕی
گولیش بوو بە پەپوولەیێ
لە شەقەی باڵیدا فڕی

کە ئێستاش ئەگەر هیوا نەبێت، پێموایە هەر بە ئاگری ئەو عەشقە، ئەم چوار پارچە بەدبەختە هەر ئەفڕێ، هەلبەت ئەو باس و خواسە زۆری دەوێ، دەکرێ تێکرای ئەو ڕووداو و بەیەکەوە بوون و کتێبخانە و قوتابخانە، وەك ئەزموونێ لە ئەزموونەکانی ژیان و ژیانی ئەدەبیم، لە قەڵەم بدرێت و بە دوورو درێژی بینووسمەوە، هەرچەندە تۆزێکیشم لە کتێبی – بەرەو مندالیی بە جلی پاییزەوە - باسکردووە، ئەوەیش ئەگەر قەدەر مەودامان ببداتێ.

- ئایا ڕێکەوتووە کە شیعرێکت بۆ بابەتێك یا حالەتێك نـــووسی بێ و پاشـــان لـــێی پەشـــیمان بوویبیتـــەوە و دڕاندبێتت؟ دەکرێ باس لە یەکێ لەو حالەتانەمان بۆ باس بکەیت؟

لـە ژیـانی هـەر شـاعیرێکدا، ئـەو حاڵەتـە روویـداوە، نەهێشتنی شیعر یا لەناوبردنی نووسینی شیعر یا دڕاندنی تێنـووسی شـیعر، ئەوانـەش هـەر خـۆی، ئـەرموونێکن لـە ژیانی شاعیریەتیدا، من بۆ خۆم زۆرجار شیعرم نووسیوە بۆ بیرۆکەیـەك یـا بـۆ بابـەتێك، هـەمان ئـەو شـیعرەم بـەدڵ نەبووە، بۆیە لە کاتی نووسیندا لوولم داوە و فڕێم داوەتە لایەکەوە، بەڵام نەك لەبەر ئەوەی کە بابەتەکەی خراپ بووە، یا گونجاو نەبووە، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە من نـەمتوانیوە وەکـو شـیعرێکی بـاش دەربیبڕم و دایڕێژم و مـافی تـەواوی شـیعریی پێ بـدەم، لەگـەڵ هەڵکشـانی ئەزموونی شاعیر و گەورەبوونی ئامانجی نووسینی شیعرێکی باش، یا دەقیکی ناوازە، ئـەم دیاردەیە لـە ژیانی نووسینی شیعری بەهێزدا، یەکجار زۆر دەبێ، کاتێك شاعیر لە نێو دونیـای کتێـب خوێندنـەوە و جـەنجاڵی ژیـان، پـەروەردە دەبێت، بە هەموو شتێك یا بە هەموو ئەو شیعرانە رازی نابێـت کـە دەیاننووسـێت، چونکـە نـەیانتوانیوە ئاوێنـەی راستەقینەی ناخ و هەست و ئەقڵ و هۆشیان بێت، بۆیە پێموایە ئەمە ساتێکی زۆر ئاساییە لـە ئـەزموونی شـاعیرانی هـەموو جیهانـدا، شـیعری بـاش وا بـە ئاسـانی بـۆ شـاعیر دەسـتەمۆ نابێـت، مـن هەنـدێ شـیعرم نووسـیوە ، تـا ئێستاش نەمخستوونەتە ناو هیچ یەك لە دیوانەکانمدا، یا لـە کـاتی چـاپکردنی شـیعرەکانم زۆرجـار دیـزاینم هەڵوەشاندۆتەوە و شیعرم لێفڕێداون، شاعیر کائینێکی پڕ وەسوەسـە و نیگەرانییـە، لـە بـاری شـیعر نووسـیندا،

هەڵبەت بۆ ئەوانەی کە خاوەنی جیهانبینی و دید و دیگای تایبەتی شیعری خۆیانن، شاعیری دڵسۆز بۆ شیعرەکانی خۆی، هەمیشە لە بارێکی ترسدا دەژیت لە کاتی نووسینی شیعرەکانیدا، ترس بە مانایە ئاساییەکەی خۆی نا، بەڵکو بەمانای ڕازی نەبوون و هەست کردن بەوەی کە لە ئاستێکدایە شایانی دەرکەوتن نییە.

- تـۆ هەسـت ناكـەی كـە لـە ڕۆژگـاری ئـازادیی و فـرە بڵاوكراوە و كۆڕو سیمینار و هاتنە كایەوەی دەنگی تازەی شـیعری، بـەڵام بزووتنـەوەی شـیعر هێشـتا نـەیتوانیوە، خـۆی بـەهێز وەدەرخـات ؟ ئـەم وەسـتانە بـۆچی دەگەڕێتەوە؟

مەرج نییە زۆر بوونی بوارەکانی بڵاوکردنەوە و هەبوونی ئازادیی و بەربڵاوی کۆڕو سیمینارو چالاکییەکان، هۆیەك بن بۆ سەرهەڵدانی شیعری باش و پەرەسەندنی بزووتنەوەی شیعری، یا هەر ژانرێکی دیکەی ئەدەبی، نەخێر و هەرگیز، من باسی شیعر دەکەم ، شیعر لە نێو ڕەحمی فراوانبوونی دیدگا و لێکدانەوە و ئەندێشەی قووڵ و جبهانبینی شاعیر دێتە کایەوە، با ئەو شاعیرە لە گۆشەگیریشدا بێت، کە هەمان ئەو گۆشەگیریەش باڵی شیعرەکانی بەهێز دەکات، شیعر نە پەیوەندی بە ژیانێکی خۆشەوە هەیە، نە پەیوەندی بە ژیانێکی ناخۆشەوەش، ئەمانە کەف کولی شیعری دەئافرێنن، کە ناچێتە ناو پرۆسەی شیعری پاڵاوتەوە، شیعری باش مایەی بیرکردنەوەی قووڵی شاعیرە، نەك مایەی هەژاری و دەوڵەمەندی، لەمێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، هەمیشە ئەو سەرمەشقە دەنووسرا، کە گوایە فلان شاعیر لە بنەماڵەیەکی هەژاردا بووە، یا هەمیشە ئاوارە و دەربەدەربووە، یا ژیانی لە بەندیخانەکاندا بووە، ئالەم جۆرە رستە سواوانە، یەکجار زۆر بوون، لە مەدای ڕەخنەو ڕەخنەبازیدا، نا نەخێر ئەمانە هیچ پەیوەندیێکیان بە سەرهەڵدانی شیعری جوانەوە نییە، هەموو ئەو شاعیرە باشانەی کلاسیك بیرکرنەوەی قووڵیان هەبووە بۆ ژیان و دەوروپشت، بۆیە شیعری بەهێزیان نووسیوە، ئەم لێکدانەوە سۆزبەخشانە، زیانیان هەبووە بۆ بزووتنەوەی شیعری کوردی و نەیانتوانیوە بستێك شیعر بۆ پێشەوە

ڕابــدەن، شــیعر تێکەڵەیــەکی سەرســامئامێزی خــەیاڵ و ئەندێشە و بیرکردنەوەیە، نالی یا مەحوی یا دانتی یا رومی، ئەو شیعرە جوانانەیان نووسیوە، لەبەر باری هەژاری یا دەوڵەمەندی ؟ نەخێر، لەبەر ئەوە بووە، کە لە سەردەمی خۆیان، جیاوازبوون، بیرکردنەوەیان و هەڵس و کەوت و ڕۆشنبیری و عەشق و خۆشەویستیان بۆ شیعر و ژیان، جیاوازی هەبووە لە گەڵ دەوروبەری خۆیان ، شارەزای ڕاستی و دروستی بوون، شیعر، لەو سەردەمەدا پارسەنگی بابەتی بووە بۆ ئەوان.

- ئایا تۆ وەك شاعیرێ، تا چەند سوودت لە داستانەکانی کوردیی وەرگرتووە، هیچ ئەزموونێکت لەمبارەیەوە هەیە؟

داستانەکانی خۆشەویستی و عەشق لە نێو کوولتووری کوردیدا، بابەتگەلێکی گرینگن، هەمیشە بۆتە جێی بایەخی شاعیران، بە درێژایی مێژوو، ئەو داستانانەی کوردی لە لایەن ئەدیبانەوە بایەخیان پێدراوە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی تردا، دیارە کە ئێمە کەمترخەمین سەبارەت بە خزمەت کردن و چاپکردن و لێکۆڵینەوەکان بۆ ئەم داستانە جوانانە، لە شوێنان بە جوانترین چاپ و باشترین لێکۆڵینەوەی مێژوویی، خزمەتی ئەو داستانانەیان کردووە، چونکە ئەو داستانانە بنەمای بیرکردنەوەن و سەرەتایەکی گرینگی ئەقڵی سەرەتایە، زۆر لە شاعیرانی دونیا بایەخیان بەو جۆرە داستانانە داوە و سوودیان لێوەرگرتوون، هەروەها زۆر لە شاعیرانی کوردیش، داستان و ئەفسانە دوو بابەتی گرینگن بۆ ئەو مێژوونووسانەی لە مێژووی کورد دەکۆڵنەوە، منیش لە سەرەتای نووسینی شیعرەکانمدا، لە هەندێ شوێن وەك سیمبۆل و دەمامك بەکارم هێناون، بەڵام من سێ دەقی شیعریم نووسیوە، کە بەشێوەی شانۆگەری شیعری دامرشتوون، لەوانە **ئەفسانەی زەرییە سەر شێتەکان و ئاسیە خان و سوارانی بەفر**، کە سێ شانۆگەریی ئیستعرازین، سوودم لەو داستانانە وەرگرتووە.

- چەنـد رازیـت لـەو وەرگێڕانانـەی کـە بـۆ شـیعرەکانت کـراون، ئایـا خوێنـەریان هەیـە، یـاخود لێکۆڵینـەوەیان بەدوادا هاتووە؟

وەرگێڕانی شیعر سەختە، بەڵام وەك دەڵێن – شر لابد منە - ئەگەر کاری وەرگێڕان نەبێت، ئەی چۆن لە داهێنانەکانی دونیا بگەین؟ بۆیە وەرگێڕان بەو مانایە زەرووورەتە، شیعرەکانی من زۆریان وەرگێڕدراون، بۆ زمانێکی دیکەی وەك عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی ئیتالی و هەروەها سویدی، من ناتوانم وەڵامی ئەوەت بدەمەوە ئاخۆ خوینەریان هەیە یاخود نا، هەروەها لێکۆڵینەوەشم نەبینیوە، بەڵام لیرە و لەوێ هەندێجار چەند شیعرێك وەرگیراوەو قسەی لەمەڕدا کراوە، هەلبەت خوێنەر هەر هەیە و لیکۆڵینەوەش هەیە، من نازانم کام نووسەر یا شاعیر قسەی لەسەر ئەو شیعرانەم کردووە، لە زمانی ئینگلیزی یا فارسی، بەڵام دەزانم لە سویدی دوو شاعیری گرینگ شتیان نووسیوە، بەهەر حال وەرگێڕانی بەرهەمەکانمان کارێکی زۆرباشە، بەڵام ئەوە دەبێت بە پرۆژە بێت، بە یەکدوو شیعر لەملاو ئەملادا سوودێکی نابێت، بۆ ئەم مەبەست دەبێ دەولەت کار بکات، ئەو نووسەرانەی کە شیعرەکانی منیان وەرگێڕاوە بۆ زمانێکی دیو دیارن وەك رزگار شیخانی و محەمەدی مەلا حوسین و نیهاد نەجارو شۆرش عەزیز سورمێ و بابەکی سەحرانەوەرد و جەمال غەمبار و میهردادی رامیدی نیا و دکتۆر سەعدی مالح و کەسانی تریش.

- سـەرنجم داوە بـەردەوام خـەریکی خویندنـەوەی، ئایـا شیعری هاورێکانت دەخوێنیتەوە، ئایا بەسەر کامیانەوە هەڵوەستەت کردووە؟

هیچ داهینانێکی مرۆڤایەتی و هیچ تێکستێکی ئەدەبی و مەعریفی، بەبێ خوێندنەوە نایەتە کایەوە، ئەگەر بێتە کایەوەش، هەڵگری هیچ جۆرە شوناسێکی مانەوە نابێت، من هەر لەسەرەتاوە خوێندنەوە گەورەی کردووم و شیری ژیانی پێ بەخشیوم، لە نەهامەتییەکان دەوری داوم، خوێندنەوەی کتێب هەموو وەحشەتێکی ناخی ئینسان دەکوژێ، هەموو ڕەشاتییەك لە دەڵی مرۆڤ دەسڕێتەوە و غەرقی سپییاتی دەکات، خوێندنەوەی کتێب، ڕقوقین دەشواتەوەو سینەی مرۆڤ پڕ لە خۆشەویستی ئەکات، ئەی ئەمە گەورەترین و کاریگەرترین چەك نییە؟ خوێندنەوە لەو چەکە سپییانەیە کە مرۆڤایەتی پاك دەکاتەوە، هەربۆیەش من خوێندنەوەم کردووە بە پیشەی ژیانم، تۆ تاقی بکەوە کە کتێبێك دەخوێنیتەوە، ئەم شادی و خۆشییە چییە بە گیانتا دادێت و ئاسوودەت دەکات، پاشان من کار لە ناو شیعر دەکەم، کە پێویستی بە هاوڕێیەکی ئاوەهایە، ئەگەر میللەتەکەی ئێمە کتێبیان لا پیرۆز بووایە، ڕۆڵەکانی خەریکی خوێندنەوە بووان، بۆ ئێمە هەزار ساڵە ژێردەستە دەبووین؟ بۆ وەها پەرتەوازەو بێ ئامانج دەبووین؟ خۆ ئەگەر سەد ساڵە بە کتێب شەڕمان کردبایە، ئێستە ئاڵای کتێبی ئازادی، لەسەر هەموو ماڵەکاندا دەشەکایەوە. سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت ، بەڵێ من عاشقی خوێندنەوەی هاوڕێکانم، لە شاعیران، هاوڕێ کۆنەکانم بن یا شاعیرانی گەنج بن، بە

هەندێکیان سەرسام دەبم و هەڵوەستەیان لەسەر دەکەم،
لێت ناشارمەوە هەندێکیشیان نائومێدم دەکەن.

- بیرت لەوە کردۆتەوە کە شتێ لەمەڕ شیعری هاوڕێکانت بنووسی، ئەگەر ویستت کارێکی وابکەی، کامیان هەڵدەبژێری؟

کاری نووسین بە ویست و داخوازیی نییە، بەڵکو بانگی ماناکانە، کە لە قووڵایی بیرکردنەوتدا بانگت دەکەن، ناچارت دەکەن کە بنووسی، واتە نووسین لەخۆیەوە نایەتە کایەوە، بەڵکو پێداویستی رۆحی و مەعریفییە، داوات لێدەکات بنووسی ، بۆ نا، زۆر ئاسایییە رۆژێ لە رۆژان، ماناکان بانگم بکەن و ناچارم کەن، کە لەبارەیانەوە بنووسم، هەڵبژاردن لە ئارادا نییە و ماناکان تۆ هەڵدەبژێرن، بەراستیش زۆر جاران نووسین لە مەڕ ئەوانیدیکە تووشی جۆرێك لە گرفتی دەروونی و دابڕان لەویدیت دەکات، کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا زۆری ماوە بگات بە ئاستی ئەو گیانە ریازییەی کە قەبووڵی رەخنە بکات، ئاخر رەخنەو گوتاری رەخنەیی، یەکێ لە دیاردە هەرە پێشکەوتووەکانی شارستانییەتە، گوزارشت لە بوونی دیموکراسییەت دەکات، هەر بۆیەشە هەتا لە ئاستی سیاسیشدا، کێشەی گەلەکەمان بستێ نەچۆتە پێشەوە، بەرەو بونیاتنانی ژێرخانێکی گرینگی مەعریفی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گیانی قبوڵکردنی رەخنەو قبووڵکردنی یەکمان نییە، جا من کە لە مەڕ شیعرەکانی هاوڕێیەکم یا دۆستێکم بنووسم، کە کۆتایی بە لالووتی دابڕان بێت، کەواتە هێشتا ماومانە.

- خوێنەری ئێستا زیاتر لە شیعر خۆی بە خوێندنەوەی ڕۆمان و بیرەوەری خەریك کردووە، ئایا ئەمە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە ، کەشیعری تازە لەززەتی شیعری کلاسیکی نەماوە؟

نـازانم مـن هەڵـەم یـا نـا ، کـە کـەم کـەس دەبیـنم بخوینێتـەوە، واتـە ئەوانـەی کـە دەخوێننـەوە لـە لای مـن دەستەبژێرن. ئـەوانی تـر هێنـد کـەمن دیار نین، پرۆسـەی خویندنەوە لە کوردستاندا وەکو ئەوەی من دەیبینم ، هەر ئەگەر لە سـەدا دوازدە یا سێزدە کـەس بێت، ئەوەشـیان ڕێژەیێکی زۆر کەمە، بە بەراورد لەگەڵ زۆری کتێب، ئەوەی تۆش دەڵێیت کە خوێنەرانی ئێستا زیاتر ڕۆمان و کتێبەکانی بیرەوەری دەخوێننەوە، نەك کتێبە شیعرییەکان، خۆ ئەگەر وابێـت خوێنـەری ئـەو ژانـرە ئەدەبیانـەمان هـەبێت، ئـەوە موژدەیەکی زۆر خۆشـە، بەڵام من وای نابینم، خۆ ئەگەر پێشـــکەوتنی تـــەکنولۆژیاو پەرەســـەندنی میـــدیا ئەلیکترۆنییەکان، هێندە خێرا بن و مەودا بە مرۆڤ نەدەن وەك دەڵێن، ئێ کەواتە زیاتر سەردەمی لەناوچوونی ڕۆمانە و کـە کاتێکی زۆری دەوێ بـۆ خوێندنـەوە، نـەك شـیعر، کـە کـاتێکی کـورتتری دەوێـت بـۆ خوێندنـەوە، ئەگـەر بـەراورد بکەین لەگەڵ ساڵانی پێشتر، واتە حـەفتاکان و هەشتاکان، خوێنـەر ئـەوکات زیـاتر بـوو لـە ئێسـتاکە، کـە دەبوایـە بـە پێچەوانـە بێـت، ئەگـەر پـەیامی سـاڵانەی یۆنیسـکۆمان لەبەردەســت بێــت، ئــەوە بۆمــان روون دەبیتــەوە کــە خوێندنـەوە بـەرەو لاوازی دەچێـت، لـە زۆربـەی وڵاتـانی دونیادا، جگە لە هەندێ وڵات نەبێت، بەڵام لە وڵاتێکی وەکـو ئەسـپانیا لەیـەك سـاڵدا بەقـەد هـەموو وڵاتـە عەرەبییەکان کتێب چاپ دەکرێت، خـۆ ئـەوە دیارە کـە ڕێـژەی خوێنەرانیشی دەبێ زۆربێـت، بـەڵام لـە کوردسـتانی

، راپەڕینـدا، چـاپ کـردنی کتێـب بـە لێشـاوە، بـەڵام
ـەر زۆر دەگمەنـە ، جاران ئەگـەر هەزاردانـە چاپکرابا،
ی نەدەمایەوە، بەڵام ئێستا تیراژی کەم کتێب هەیە لە
د دانـە هـەتا ٥ سـەد دانـە زیاتر بێ، لەگـەڵ ئەوەشـدا
ێنێتـەوە، هەلبـەت ئەوەشـیان هۆکـاری زۆری هەیـە،
ری باسیان بکەین. بەڵام نەمانی لەززەتی شیعری وەك
ززەتی شـیعری کلاسـیك، ڕەنگـە ئەمـەش یـەك لـە
کارەکان بێت.

- ئێستا کۆمەڵە گەنجێك شیعر دەنووسن و بڵاوی دەکەنەوە، تێڕوانینت چییە بۆ دەسپێکی گەنجەکان، هیچیان سەرنجیان ڕاکێشاوی؟

مـن بـه بـه‌رده‌وامی شـیعری گـه‌نجان ده‌خوێنمـه‌وه، لـه ڕۆژنامه‌و گۆڤاره‌کان، ئه‌وانه‌ی ده‌ستم ده‌که‌وێ، هه‌روه‌ها دیوانی شیعره‌کانیشیان، که جار جاره پێشکه‌شم ده‌که‌ن، لـه گـه‌ڵ گـه‌نجانیش داده‌نیشـم، گفـت و گـۆو قسـه و باسیشـمان هه‌یـه، ئێمـه نـابێ خۆمـان بـه دوور بگـرین لـه‌و گه‌نجانه‌ی که خه‌ریکی شیعرن و خۆمان به گه‌وره‌تر بزانین لـه‌وان، چونکـه رازی بـین یـا رازی نـه‌بین، هـه‌ر ئـه‌وانن، داهاتووی ئێمه، له ناو ئه‌ده‌بیات دا، ئێمه‌ش سه‌رده‌مێك گه‌نج بووین، هه‌ر چاوه‌ڕوانی ئه‌وه‌مان ده‌کرد، که ئه‌وانی به‌ر له ئێمه، بایه‌خیان به ئێمه بدابا، خۆ ته‌ریك کردن له‌و گه‌نجانه، خۆ ته‌ریك کردنه له داهاتووی شیعری کوردی، هه‌لبه‌ت خۆ ناتوانم بلێم هه‌موو شیعره‌کانیان خراپن و له ئاستێکی نزمدان،هه‌روش ناتوانم بلێم هه‌موو شیعره‌کانیان باشـن، بـه‌ڵام بـه گشـتی هه‌نـدێکیان سـه‌ره‌تایه‌کی باشـیان بۆخۆیـان داڕشـتووه‌و شـیعری باشـیان هه‌یـه، زۆرجـار هه‌نـدێ لـه شـیعری ئـه‌و گه‌نجانـه ده‌خوێنمـه‌وه، لێـت ناشارمه‌وه که زۆر زۆر سه‌رسام ده‌بم، به‌وه‌ی که بیرۆکه‌ی جوان و زمانێکی پوخته‌و داڕشتنێکی جوانیان هه‌یه، ئه‌مه بۆ من مایه‌ی دلخۆشییه، هه‌ندێ شیعرم له هی گه‌نجان خوێندۆتـه‌وه لـه هـه‌ولێر و سـلێمانی و ئـه‌ملاو ئـیملا، یه‌کسـه‌ر ته‌لـه‌فۆنم بـۆ کـردوون و پیرۆزبایی گـه‌رمی خـۆمم پێشـکه‌ش کـردوون، هه‌نـدێ لـه‌و گه‌نجانـه کـه لـه گـه‌ڵیانا داده‌نیشـم، هه‌سـت ده‌کـه‌م خزمـه‌تی خۆیـان کـردووه و ڕۆشـنبیرییه‌کی باشـیان بـۆ خۆیان په‌یـداکردووه و باشـیش

دەخوێننەوە، ئەمەیان بۆ من جێگەی خۆشحاڵیە، ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە، کە هەوڵدان بۆ زمانێکی پوختە و بێ گرێو گۆڵ، هەروەها پەلە نەکردن و زوو مەغروور نەبوون، خوێندنەوەی بەردەوام، زۆر گرینگن بۆ گەنج، ئاسۆی شیعریان پڕ درەوشانەوە دەکەن، جیهانی شیعریان بۆ دەکریتەوە و لە ماهیەت و نهێنی شیعر، نزیکیان دەکەنەوە، دواجار خۆیان لە شوێنە پڕ شەوقەکەی شیعردا دەدۆزنەوە، من هیوام پیتانە گەنجەکان.

- له سـەردەمی حەفتاكانـدا ژمارەیـەك شـاعیر دەنـگ و ڕەنگیـان هـەبوو، ببـوون بـە ناسـنامە شـیعری كـوردی، وەك ئـەنوەر قـادر جـاف و فـەرهاد شـاكەلی و سـەلاح شـوان و عەبـدولا عـەباس، ئایـا تـاوەكو ئێسـتاش بەردەوامن؟

ئەوانە ناوی گەورە بوون لە نێو ڕەوتی شیعری کوردیدا، بەشدارییکی باشیان هەبووە، لە پەرەپێدانی تازەگەریی لە نێو ئەدەبیاتی کوردا، لەم ڕێگەیەوە بەرهەمی باشیشیان پێشکەش بە خوێنەران کردووە، ئێستاش بەردەوامن لە کاری ئەدەبیی و رۆشنبیریی خۆیان، بەڵام دوای ئەو هەموو ساڵە، هەلبەت گۆڕانێ لە جۆرو شێوەی بەرهەمەکانیان ڕوو دەدات، من پیموایە ئەوانە تا ئێستاش بەردەوامن، لە شیعر و هەندێکیان دیوانی تازەشیان هەیە، بە تایبەت فەرهاد شاکەلی، ، سەلام موحەمەد، بەردەوام شیعر بڵاو دەکاتەوە، هەرواش عەبدولا عەباس، کە بەڕاستی سەردەستەی نوێکاری بوو لە شیعردا، من هەندێ شیعری ئەم دواییەی سەلاح شوانم خوێندۆتەوە، تازەن و زۆر جوانن، ئەگەر هەندێ دیوانی شیعری فەرها شاکەلی دوای دیوانی پرۆژەی کۆدێتایەکی نهێنی بخوێنیتەوە، هەست دەکەی کە چەند بە عەشقەوە ئەم دیوانە شیعرییە تازانەی نووسیوە و چۆن لە نێو جۆرێك لە تەصەووفدا بینای شیعری خۆی کردووە، چەند بایەخ بە زمان دەدات، لەبەر ئەوە دەتوانم بڵێم کە هێشتا بەردەوامن و کاری گەورە گەورەشیان لە ئەستۆ گرتووە، بەڵام کاتی خۆی شیعرە جوانەکانی ئەنوەر قادر جافم خوێندۆتەوە، تا ئێستا دیوانی تازەییم نەبینیوە، ئەو ڕەنگە خەریکی کاری تیوری بێت، بە تایبەتی لەمەڕمەولەوی و شیعری کلاسیکدا، کە ئەوەش درێژە پیدانی شیعرە.

- لــه كۆتــایی حەفتاكانــدا كەســانێك بــاسی شــیعری كۆنكریتییان دەكرد، ئەمەیان چۆن بوو؟

سەرهەڵدانی ئەم جۆرە دیاردانە هەبووە، بیرم دێ لە کوردستان شیعری ئەلیکترۆنی و کۆنکرێتی باس دەکران، بەڵام ئەمجۆرە دیاردانە هەر زوو، خامۆش دەبوونەوە و دەنگیان نەدەما، زۆر سرووشتیشە کە ئەو جۆرە رێبازانە سەر هەڵبدەن، دونیای شیعر هەموو ئەوانە هەرس دەکات، گرینگ ئەوەیە دواجار چی دەمێنیتەوە، پانتایی شیعر زۆر فراوانە جێگەی هەمووان دەبێتەوە و هەموو دیاردەکان لە باوەش دەگرێت، دەتوانم باسی چەمکی کۆنکریتیت بۆ بکەم، بەڵام ناتوانم باسی شیعری کۆنکریتیت بۆ بکەم، تێرمی کۆنکریتی زیاتر لە بواری سیاسی و زانستی و موعادەلاتی بەکاردێت، وەك ئەوەی بلێی من بەڵگەی کۆنکریتیم هەیە، یا ئەمە مەسەلەیەکی زانستییە و کۆنکریتییە ڕەت ناکرێتەوە، بە هەر حاڵ لەناو ئەدەبی کوردیدا، هەموو شتیك هەیە، ساڵانێك گرووپێك پەیدا بوون کە ناویان گرووپی زناك و گرووپی هەڵم و گرووپی سەراب بوو لە شیعردا، یا گرووپی فۆرمی گران، یا شیعری زیپ، هەروەها گرووپی پێشڕەو، هەتا دوایی و ئەوانە ریێیان تێ دەچێ و دەکرێ تۆوی شیعر

لە خاکەکەیان شین بێت ، بۆ نموونە ئێستا باو باوی شیعری هایکۆیە، بەڵام ئەو تەرزە شیعرە سەدەیەکی زیاتر بەسەردا تێپەڕیوە، لە چین و یاباندا، بەڵام شیعری کۆنکریتی ناخێوێتە ناو بنەمای شیعر، ڕەنگە من هەڵە بم.

- وەك شاعیرێ چۆن بیر لە ئەدەبی ژنان دەکەیتەوە، ئایا ژنانی کورد لە چ ئاستیکی شیعری دان؟

لە ڕاستیدا من باوەڕم بەوە نییە، ئەدەبێك هەبێت، بەناوی ئەدەبی ژنان یا ئەدەبی پیاوان، ئەمە بیروبۆچوونێکی زۆر کلاسیکییە، یاخود زۆر کۆنینەیە، کە پرۆسەی ڕەخنە دروستی کردووە، ئەدەب لە نێو قاوغی جێندەریدا کار ناکات، بەڵکو لە دایکبووی بیرکردنەوەی مرۆڤدایە، جا چ ژن بێت یا پیاو، بەڵام دەتوانی پرسیارەکە بەمجۆرە بێت، ئاخۆ لە کوردستان ئەو ئافرەتانەی شیعر دەنووسن، ئاستی بیرکردنەوەیان سەبارەت بە شیعرو پرۆسەی نووسینی شیعر لە کوێی بزووتنەوەی تازەی شیعریدایە؟ توانیویانە ئەدەبێکی شیعری توندوتۆڵ بخەنە ئاراوە؟ یا ئەو دەقانەی کە دەینووسن لە ئاستی شیعرێکی باشدان؟ هەڵبەت ئەمڕۆ لە کوردستاندا، ژنگەلێکی زۆر خەریکی شیعر نووسینن، کە من شانازییان پێوە دەکەم، وەك چۆن لە نێو پیاوانیشدا کەسانێکی زۆر خەریکی نووسینی شیعرن، نامەوێ ناوی کەسێك بهێنم من بە گشتی قسەدەکەم و دەڵێم بەداخەوە لەنێو هەردوو ڕەگەزداو بڕی خراپ لە نێو شیعرەکاندا زۆرترە لە بڕی چاك، واتە دەقی خراپ هێجگار زۆرە، هەندێ ئافرەتمان هەیە ئەدەبێکی شیعری جوانیان ئیزافە کردۆتە سەر خەرمانەی ئەدەبی کوردی، دەقەکانیان لە ئاستێکی بەرزدایە و هەندێکیشیان نەیانتوانیوە، لە ئاستی قورسایی شیعر دابن، ئەوەشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی خراپی خوێندنەوەیان، کە وادەکات زەخیرەیەکی باشی فیکری و مەعریفیان پێ نەبێت ، تا لە شیعر نووسیندا سوودی لێ وەرگرن، هەر ئەوەشە کە شاعیری

باش دەگمەنە لە نێو ژنانی یا ئافرەتانی کورد، هەن بەشدارییەکی گرینگ دەکەن لە پرۆسەی تازە کردنەوەی شیعری کوردی، من وای دەبینم رەنگە کەسانی تر بیروڕای تریان هەبێت.

- پەیوەندی شاعیرانی کورد بە تەکنولۆژیای میدیاوە تا چەند کاریگەر بووە بەسەر نووسینەکانیانەوە یا بۆ راپەڕاندنی ارەکانیان لەم بوارەدا؟

ئەدیی کورد بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بێبەش بووە لە ئامێرە تەکنولۆژییەکان، یا لە تەکنیکی ئامێرەکانی بواری نووسین و میدیای ئەلیکترۆنی، ئەگەر ڕاستیت دەوێت ئەوە دوای ڕاپەڕین بوو، کە ئابلۆقەکانی سیاسی و ئیداری و ئابووری هەڵگیران، ئیدی کۆگاکان پڕبوون لەم چەشنە تازەیەی بواری تەکنۆلۆژی، لە مەودای کاری ڕۆژنامەگەری و نووسین بە کومپیتەرو دیزاین کردندا، ئەمەش کاریگەرییێکی زۆری کردە سەر پرۆسەی نووسین، جاران تا بەرهەمێکی شیعریت ئامادە دەکردو چەندین جاروجار دووبارەی نووسینت دەکردەوە و یا ئەگەر ڕۆمانێکت بنووسیایە دەبوایە چەندین جار بە دەست پاکنووس و دووبارە دارشتنەوەت ئەنجامدایە، بەڵام ئەو ئامێرانە کاری نووسینەوەیان زۆر ئاسان کردووە، بەڵام نابنە هۆی ئەوەی داهێنانت بۆ فەراهەم بکەن، بەڵام هەندێك لەبەر نەبوونی ئەزموون، تاوەکو ئێستاش نەیانتوانیوە، سوود لەم پێشکەوتنە ببینن، تا ئێستاش هەر بە دەست دەنووسن، کە بەڕاستی زۆر پیویستە فێری ببن.

- ئایا شیعری نوێی كوردی توانیویەتی شوناسی خۆی لە ناو پێگەی ژانرەكانی دیكەی ئەدەبی كوردیدا بسەلمێنێ، وەك ژانرێكی بەهێزی بزووتنەوەی بیركرنەوەی تاكی شاعیر لە نێو كۆمەڵگەی كوردەواریدا؟

هەر بە هەمان ڕیتمی پرسیارەکەی تۆ، دەکرێ بڵێین ئایا شــیعری کــوردی تــازە توانیویــەتی وەك بزووتنەوەیــەکی ئێستەتیکی و ویژدانی، بوونی خۆی لە نێو کۆی بزوتنەوەی کوولتـووری بسـەلمێنێ و پشـت ئەسـتوور بێـت، بـە دەقی نـاوازە و دەقی پتـەوی خـۆی؟ کـە هـەلگری پێکهاتەیـەکی زمانیی و مەعریفی و ئێستەتیکی بێت، بە بەراورد لـە گەڵ بزووتنــەوەکانی دیکــەی مــەدای شــیعری نــوێی کــوردیی قۆناغەکانی پێش خۆیدا، ئەگەرچی هەر لە سەردەمی گۆران و شێخ نووری شیخ صالح، ئەو بزووتنەوەیە، خۆی ئاشکرا کرد و وێرای کۆمەڵیك شاعیری دیکە لە هەولیرو سلێمانی و کـەرکوك، توانییـان ڕەوتـێکی تـازە لـە شـیعری کوردیـدا بخەنە ناو پرۆسەی پەرەسەندنی شیعریی و قۆناخیك بۆ خۆیان و سەردەمی خۆیان درووست بکەن، کە خەسڵەتی تایبـەتی خۆیـان هـەبێت و هـەلگری شوناسـێکی دیـاریی شــیعری کــوردی بــن، بــەڵێ ئــەوان توانییــان خۆیــان بســەلمێنن، لــە ڕێگــەی بەرهــەم هێنــانی دەقی بــە هــێزی شــیعری و تیــوریزە کــردنی گوتــاری ڕەخنــەیی و دیــالۆگی بەردەوام ، کە لە پاش ئەوانیش قۆناغێکی دیکەی جیاواز دەستی پێکرد، کە پەرەسـەندنی باری رۆشـنبیریی کوردی چووبـووە پێشـەوە، بزووتنـەوەی ڕوانگـە ڕێبەرایـەتی ئـەو تازەگەرییـەی دەکـرد، بەرنامـەو گوتـاری خۆیـان هـەبووە، شیعری کوردییان لە قۆناغی کلاسیك و قۆناغی گۆڕانەوەو بــردە قۆنــاغێکی دیکــە، ئــەوان ســەر بــە خوێندنــەوەی بــەردەوام و دیــالۆگی بــەردەوام و زۆربــوونی چاپخانــە و

چاپکردنی کتێب بوون، دواییش قۆناغی هەشتاکان هاتە کایەوە، لە ژێر ناوی جیاجیاوە، کە هێندەی دیکە ڕەوتی شیعری کوردییان بەرەو پێشەوە برد، ئەمانە هەمووی وامان لیدەکەن بلێین، بەڵێ شیعری نوێ و تازەی کوردی، سەلماندوویەتی کە زیندوێتی تیایە و پشت ئەستوورە بە بەرهەمگەلێکی باش، ئێستاکە خاوەنی شوناسی خۆیەتی، لە گەل ڕەوتی گۆڕانی دونیادا دەڕوات.

- حەز دەکەم بزانم، لە دەمی تۆوە، کە جیاوازی چییە لە نیوان شیعری نوێ یا شیعری تازە یا شیعری سەردەم، ئایا ئەم دەستەواژانە، هەریەکە و پێناسەی خۆی هەیە؟ ئەی چۆن مانای شیعرێ لە روانگەی خوێندنەوە دەست نیشان دەکرێ؟ یا خۆت چۆن مانا یەکلایی دەکەیتەوە؟

ئەمانە هەمووی دەسەڵاتی ڕەخنە درووستی کردوون، ئەوە گوتاری ڕەخنەیە، ئەم تێرم و دەستەواژانە ئەخاتە نێو بزووتنەوەی شیعرو ژانرەکانی دیکە، وشەی نویێ یا وشەی تازە یا وشەی سەردەم، لە ناوەڕۆکدا هەڵگری جیاوازبوونە، لەگەڵ شتەکانی بەر لە خۆیان، هەموویان دەچنەوە ناو یەك قاوغی فراوانی گۆڕان، لە ڕەوتێك بۆ ڕەوتێکی دیکە، بەیەکەوە لە جووڵە دان، لە بنەڕەتدا هەمان ئەم دەستەواژانە یا ئەم تێرمانە، مانایەکی سەرەکی دەبەخشنە بزووتنەوەی شیعریی کوردی، کە هەوڵدانە بۆبەرهەمهێنانی جۆریك لە شیعریی جیاواز، کە هەڵگری سیماو خەسلەتی گۆڕان و جیاوازی بێت، زیاتر دەچنەوە سەر بۆچوونێکی ڕۆلان بارتی، سەبارەت بە چەمکی جیاوازی، شوناسی خۆیان دەبەخشن، موژدەی لە دایکبوونی پرۆسەیەکی شارستانین، هەوڵی خولقاندنی جووڵەیەکی جیاوازو گۆڕاو دەدەن، بە تایبەت لە گەڵ قۆناغی بەر لە خۆیان. هەموو شیعرێك مانای تایبەتی خۆی هەیە، زەمەنی ئەوە بەسەرچووە، کە مانای شیعر لە دڵی شاعیردایەو بەس، ئێستێکە مانا لە دەست شاعیر چۆتە دەرەوە، لە هەموو دڵێکدا بوونی هەیە، پێشتر تەنها شاعیر لە مەیدانەکە بووە و ئێستاکە خوێنەری شاعیر و رامانگیر درووست بووە، کە لە ئەنجامی پەرەسەندنی بوارەکانی مەعریفی سەریان هەڵداوە، بە تایبەت کە شیعر لەمرۆکەدا، هەڵگری ماناو چەمکی سەردەمیانەیە، کە هەمووی پەیوەستە بە هێزی شاعیر و مەعریفەی ئەدەبی

شاعیر و مەعریفی بەدەست هاتووی خوێنەرەوە، شاعیر کە شیعر ئەنووسی و دایئەڕێژێ بۆ بەردەستی خوێنەر ئەڕوا، خوێنەریش خاوەنی دیدو دیدگای خۆیەتی، پەیوەست نییە بە لێکدانەوەی ئەو مانایەی کە شاعیر مەبەستییەتی، ئەو دونیای خۆی هەیە، لە ناو ئاسۆی دەقەکانی شاعیردا، مانا لە شاعیرەوە بۆ خوێنەر دەگۆڕێ، چونکە خوێنەر بە دیدێکی ڕەخنەگرانە شیعرەکە بۆ خۆی هەڵدەوەشێنیتەوە و تەواو وەك ئەو فەلسەفە تیوریيەی ڕۆلان بارت قسەی لە بارەیەوە دەکات، دەق بە هەموو ڕستەو ماناو ناوەرۆکەوە لە دەست شاعیر دەچێتە دەرەوە، واتە مردنی خۆی لە گەڵ تەواو بوونی شیعرەکە ڕادەگەیەنێ، هەربۆیەش خوێنەر پێویستی زۆری هەیە بە ڕۆشنبیری بۆ خۆی، بە تایبەت کە شیعری کوردی لەمڕۆکەدا پڕە لە سیمبۆل و میتافۆر و خوازەو ڕەوانبێژی.

- بۆ شیعری نوێ سەریهەڵدا، ئایا کلاسیك هێزی سەردەمی نەماوە، یا هۆیەکانی چی بوون، ئایا تاوەکو ئێستە، لە روانگەی تۆوە باشترین کتێب کامەیە کە باسی لە شیعری نوێی کوردی کردبێت، تۆ کامیانت بە دڵە؟

ئەمە سەیروورەتی ژیانە، کە هەمیشە لە گۆڕاندایە، گۆڕان تاکە خەسڵەتی ژیانە، کە هەمیشەو ئەزەلییە، زیاتر لە دوو هەزار ساڵە هیراکلیتس وتوویەتی کە گۆڕان خەسڵەتی بوونی مرۆڤایەتییە، هەمان ئەو گۆڕانەش هەمیشە کۆمەڵێ چەمك و بابەتی تازە و نوێی لە هەناوی خۆیدا شاردۆتەوە، سەرهەڵدانی شیعری نوێش یەك لەو دەرەنجامانەی ئەم گۆڕانەیە، بەڵام سەرهەڵدانی شیعری نوێی کوردی و هەموو سەرهەڵدانەکان بەو مانایە نین، کە هەموو ئەو شیعرانەی پێش خۆیان توور هەڵدەن، بەڵکو شیعری نوێی کوردی درێژبوونەوەیە، بەسەر شیعری کلاسیکی کوردیدا، بە شێوە و ناوەرۆکی تازەوە، واتە کە شیعری نوێ سەری هەڵدا دەستووری کلاسیکی لەدوای خۆی جێهێشت و بە دەستوورێکی تازەوە خۆی دارشتەووە، هەلبەتە ئەوەشیان هەمان ئەو دەرەنجامانەیە، کە گۆڕان دەیخولقێنێ، دەنا لە ڕاستیدا هیچ دەقێکی شیعری گەورەو مەزن، بە ڕابردنی زەمەن کۆتایی نایەت، جا کلاسیك بێت یا تازە، چونکە شیعری نەمر، هۆیەکانی مانەوەی بە جاویدانەگی لە هەناوی خۆیا هەڵگرتووە و زەمەن پێیناوێرێت. بە درێژایی ساڵانی دوای حەفتاوە، کتێبی زۆر دەربارەی شیعر نووسراوەو تیوریزە کراوە، گوتارێکی زۆر دەربارەی شیعری تازە نووسراوە، هەروەها گوتاری ڕەخنەییمان هەیەو دیالۆگ و دیمانەی زۆرمان هەیە، بەڵام سەرەتای گوتاری ڕەخنە سەبارەت بە شیعری نوێی کوردی لە دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵەوە

دەستی پێکردو چەکەرەی کرد، کاتێك شیعری کۆمەڵێك شاعیری تازەی خستە بەر ڕەخنەو لێکۆڵینەوە، جگە لەمەش پاشان ڕەوتێکی گرینگی ڕەخنەی تازە، لە لایەن گەنجە ڕۆشنبیرەکانەوە، هاتە ئاراوە، کە جیاواز بوو لەگەڵ گوتارە ڕەخنەییەکانی پێشوو، دەربارەی شیعری تازەی کوردییەوە، هەندێ لەم گەنجانە توانییان گوتارەکانی خۆیان بە کتێب بڵاو بکەنەوە، دەکرێ لە کۆی ئەم گوتارانەوە، کتێبی باش سەبارەت بە شیعری نوێی کوردی بێتەکایەوە.

- مەسەلەی دیقەتکردن و لێوردبوونەوە، لای هەندێ شاعیری عەرەب وەك ئەدۆنیس و ماغوت و مەحمود دەروێش، ئاشکرایە، هەست ناکەی شیعر لای هەندێ شاعیری کورد، ئەم بایەخەی کەمتر لا بەرچاو دەکەوێ، واتە لە کاتی نووسینی شیعردا، دیقەت و لیوردبوونەوە کەمە؟

لە بنەڕەتدا مانای شیعر دیقەت و لێوردبوونەوەیە، بەبێ ئەم بایەخە شیعر جیاوازی نامێنێ لەگەڵ قسەی ڕۆژانە، ئێمە سێ جۆر ئاخاوتنمان هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە ڕۆژانە کاروباری ژینمان پێیەوە بە ڕێدەکەین، کە ئەوەشیان داڕشتنی دەنگ و سەداو ڕێکخستنی دەوێت، ئەگینا نابن بە ئاخاوتن، بەڵکو تڕی هەڵە دەبێت، دووەمیان ئەو ئاخاوتنەی کە بە شێوەیەکی بەخشانئامێز دەنووسرێن، وەك چیرۆك و ڕۆمان و رەخنە و پەخشان، ئەمانەش دەبێ پتەوبن، کە لە ئاستێکی بەرزتر دان لەوەی پێشوو، لە ڕووی دیقەت و ڕێکییەوە، بەڵام جۆری سێهەم کە باڵاترین ئاستی ئاخاوتنە بە نووسین، ئەویش شیعرە، کە هەڵگری بڕێکی زۆر لە ڕێکخستن و دیققەت و بژارکاری دەوێت، جا ئەگەر شیعر ئەو دیقەتەی تیا نەبێت دەچێتەوە ئاستی یەکەم، بۆ نموونە من بۆخۆم کە بیرۆکەی شیعرێك دادەڕێژم، بە دەیان جار بەسەریادا دەچمەوە، پاکی دەکەمەوەو لە گرێوگۆڵ و زیوان، چەندین جار بۆ خۆمی دەخوێنمەوە، ئینجا بڕیاری بڵاوکردنەوەی دەدەم، ئەو شاعیرانەی تۆ باسیان دەکەی، شاعیری گەورەن ، ئەزموونیان هەیە، ئەگەر ئەو خەسڵەتەیان نەبێت، کەواتە شاعیری باش نین، ئێمەیش لە ناو شاعیرانی کورد، ئەم دیقەتبازو بژارکارانەمان زۆرن، بایەخ بە بەرهەمی خۆیان دەدەن و بە پێگەیشتوویی بڵاویان دەکەنەوە، ئاخر وەك گوتم شیعر راقیترین شێوەی ئاخاوتنە، نابێت لەم ئاستەدا دابەزێت.

- یەکێ لە شاعیرە گەنجەکان، لە نەوەی دوای ئێوەن، واباسی تۆی کردووە، کە تۆ چەشنی مار، هەمیشە کاژی خۆت یا کراسی خۆت فڕێ دەدەی و هی تازە لەبەر دەکەیت، لە مەودای شیعر نووسیندا، ئەمەمان بۆ لیکدەیتەوە باشترە؟ وەك چۆن لە شیعری وەرە ماڵەکەی من هیچ کراسێکت نەهێشتۆتەوە؟

من کاك حەمە عەباسی شاعیر دەناسم و شیعرەکانیم خوێندۆتەوە، کە شتێکی ئاوای نووسیوە، هەلبەت ئەزموونی منی خوێندۆتەوە، بەدوای شیعرەکانی مندا چووە و دیراسەی کردووە، بۆیە باش دەزانێ کە من لە شیعرێك بۆ شیعرێکی ترجیاوازم، ئەو هەستی بەو جیاوازییە کردووە، باسی لە دیاردەیەکی گرینگی شیعرەکانی من کردووە، باشی بۆ چووە، لەوکاتەی کە ئەو دەزانێ زۆربەی ئەو شیعرانەی لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا بڵاو دەبنەوە، هەموویان وەك یەکن، بە گشتی، شاعیری وا هەیە شیعرەکانی وەك یەکن و گۆڕانیان تیا نییە، پرۆسەی نووسینی شیعر پێویستی بە بەرچاو گۆڕین هەیە، پێویستی بە ڕەنگی جیاجیا هەیە، دەبێ ناوە ناوە کاژی شیعری خۆی فڕێدەیت، تا بزانین ئایا پەرە بە ئەزموونی شیعری خۆی دەدات، یا وەك ئاوی گۆمەکان وەستاوە؟ لە شیعری وەرە ماڵەکەی من دا، کە ترۆپکی داهێنانی شیعری بوو، تۆش لە کۆمێنتێکا نووسی بووت، دەبێ ئەو شیعرە لە ناو کریستاڵ پێناسە بکرێ، شیعری وەرە ماڵەکەی من، ئەو ماڵەی کە تەواوی خۆشەویستی و ئیشق و پاکی تیایە ، هاوارێکە بۆ کۆبوونەوەی هەموومان لە نێو ماڵی ئیشق و جوانیی، ئەمە بانگی هیومانیزمییەتە، دەبێ شیعری ئەشق و خۆشەویستی بانگ بێت، بۆ مرۆڤایەتی نەك بانگ بێت بۆ بە موڵك کردنی ئافرەت و جوانیی، بانگی بەرز کردنەوەی بەهای ئافرەتە لە پیگەی ، نەك بانگی ڕاخستنی جێگەی، شیعر قبووڵی نابەهایی ناکات، ئەگەر بشیکات، ئەوە لە

تـەوەری شـیعر دەردەچێـت و دەبێتـە کـارێکی مافیـایی و قەرسـەنە دژی ئـافرەت، و بۆیـە سـەرنجم داوە کـە ئـەم شیعرە چەند بە خێرایی چووە ناو ماڵەکانەوە، لە پەنجەرەو دەرگای ماڵەکانـدا گیری نەخـواردووە، رامانی بۆ کـراوە، من نامەوێ بە خۆم باسی ئەو شیعرەی خۆم بکەم، ئەوە کاری خۆشەویستانی شیعری مرۆڤایەتییە.

- جاران نەك لە ناو كورد، بەڵكو لەناو گەلانی تریش قەسیدەی بەرگری و بەرەنگاری هەبوو، بەڵام ئێستا نەماوە، یا زۆر كەمبووە، لەو كۆڕەی ئەم دواییەتدا قەسیدەی نیشتیمان پانتاییەكی فراوانی داگرتبوو، بەڕای من رووی شیعرەكە لەوانە بوو، كە نیشتمانیان بیر بێتەوە، وەرس بوونێكی شاعیرانەی زۆری لەوانە تیا بوو، ئەی تۆ چی دەڵێی؟

سەیرکە ئەو شیعرانەی کە بۆ خاك و نیشتیمان دەنووسرێن، شیعری پیرۆز و موقەدەسن، سەرنجی ئەوەم داوە کە وردە وردە خۆشەویستی خاك و نیشتیمان لە ناو گەنجان بەرەو کزی دەچێت، لە کاتێکا کە ئێمە بێکەسترین نەتەوەی سەرزەمینین، زمان وردە وردە بەرەو بێ بەها بوون دەچێ، لە کاتێکا تەنها تۆزێ زمانەکەمان ماوە و لەناو نەچووە، لە هەموو لایەکەوە جەهل و فام نەکردنی بەهای نیشتیمان پەنگاوەی داوەتەوە، جا پەیامی نووسەرو رۆشنبیری چییە، ئەگەر خۆشەویستی ئەو نیشتیمانە لەلای ئەوانە قوول نەکەنەوە، دەبێ هەوڵی ئاشتکردنەوەیان بدەین لە گەڵ خۆشەویستی خاك، ئەگینا بەرەو لەناوچوون دەچین، هەموو کولتوورمان لەناو دەچێ، شارستانییەتمان نامینێ، بۆیە هەندێ وردە شتم دەربارەی خۆشەویستی نیشتیمان نووسیوە، بەڵام من لە روانگەیەکی شیعری بەهێزەوە نووسیومە نەك دارشتنی دروشم و دروشم کاری، هەموو شیعری دونیا شیعری بەرگری و بەرەنگارییە، چونکە لە بنەڕەتدا بەرگری لە بەها جوانەکان دەکاو بەرەنگاری ناهەموارییەکان دەبێتەوە، شاعیر کە شیعر بۆ خۆشەویستی دەنووسێ، ئەوە داکۆکی کردنە لە بەهای ئینسانی ، هەوڵ دەدات لە رێگەی شیعرەکانییە، مرۆڤ بەرەو پاکی و خۆشەویستی ببات، بۆیە ئەمە دیاردەیەکی تایبەتییە لە شیعردا، بەڵام مەبەستی تۆ ئەو شیعرانەیە کە شاعیر دەیاننوسێ، لە پێناوی رزگار بوون لە زوڵم و بۆ لەناو بردنی داگیرکەرو نەهێشتنی ئەو

تاوانانەی دەرهەق بە مرۆڤ دەکرێت، بەتایبەت لەناو ئەو میللـەت و نەتەوانـەی کـە تـا ئێسـتا لـە ژێـر دەسـتی داگیرکەرانن و خاکیان داگیر کراوە، بۆیە شیعری مقاوەمەی تیا دەنووسرێت، بۆ ئەوەی رۆڵەکانی خۆیان هانبدەن تا بە گژ داگیرکەران بچنەوە، وەك ئەو سەردەمانەی کە خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەمان لە ئارادابوو، بە هەزاران شیعری موقاوەمە سەریهەڵدا، کە فۆرم و ناوەرۆکی تایبەتی خۆیان هەیە، جیاوازن لەو شیعرانەی کە لە ناو کەش و هەوایەکی رامان و دامانئامێزدا دەنووسرێن ، جا هەر کاتێ ژیان بەرەو ناخۆشی دەچێ و دوژمنان هەوڵی داگیرکردنی خاك بدەن، شیعری بەرگری سەرهەڵدەدات.

- خوێندنەوە بۆ شاعیر گرینگە، یاخود جۆری خوێندنەوە بۆ شاعیر زۆر پڕ بایەخە، شتێك لەمبارەیەوە باس بکەی بە تایبەت بۆ گەنجەکان سوودی دەبێت؟

لە وەڵامێکی دیکەشدا، باسی ئەم بابەتەم کردووە، خوێندنەوە نەك هەر گرینگە بەڵکو بناغەو دارێژەری بیرۆکە و بابەتی شیعرییە، بەبێ خوێندنەوە ماشینی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەوەستێ، شیعر لە پەلوپۆ دەکەوێ، خوێندنەوە خوێنی شیعرە، چونکە ئەوانەی دەخوێننەوە، دونیا بە هەزاران رەنگەوە دەبینن، مرۆڤی جیاوازن، شاعیری خوێنەر زیاد لە ئینسانێکە و هەموو رۆژێ دەگۆڕێت، بیرۆکە و بابەتی قوول و دەگمەنی دەست دەکەوێت، بە پێچەوانەوە ئەو شاعیرانەی کە ناخوێننەوە، کەمتر لە مرۆڤیکن، بۆیە خوێندنەوە پرۆسێسێکی مەفادارە و بە تایبەت بۆ ئەو گەنجانەی خەریکی شیعرن و ئەزموونێکی ئەوتۆیان نییە، کەپێیەوە تەلاری شیعرەکانیان بەرزکەنەوە، بیرم دی من خۆم لە ساڵانی زووی تەمەنم دەستم بە خوێندنەوە کردووە، تا لە خوێندندا گەیشتم بە یەکی ناوەندی، تەواوی ئەدەبی کلاسیکی کوردی و زۆر لە ئەدەبی کلاسیکی عەرەبیم خوێندەوە و چیرۆك و ئەفسانە و بەخشانی زۆرم خوێندەوە، ئینجا توانیم لە زۆر شت بگەم، بە کورتی ئێمە دەبێ دونیا بخوێنینەوە، ئەمەش لە رێگەی کتێبەوە دەبێت، کتێب سەرچاوەی هەموو مەعریفەکانە، بەمجۆرە دەبینە خاوەنی دیدو دیدگا و جیهانبینی خۆمان.

- باشـه جـاران کـه بـاس لـه شـاعیران دەکـرا، دەیـانگوت شاعیری کوردستان، ئێستا دیاردەی شار هاتۆتە ئاراوەو دەڵـێن فـلان شـاعیری سـلێمانی یـا دهـۆکی چـۆن لـەم دیاردەیە دەگەی؟

ئەمە بـیرورایەکی سـەقەتە، ئەدەب و رۆشـنبیریی بە تایبەت شیعر، خۆ کاری شارو گەڕەك نییە، سەردەمی ئەوە بە سەرچووە، داهێنان لە قالبی شوێن و جوگرافیا خەست بکەینـەوە، زۆربەی داهێـنەرانی دونیـا دوای ئەزمـوونێکی دوورو درێـژ داهێنـانی خۆیـان پێشـکەش بە مرۆڤـایەتی کـردووە، ئەدەب ئەزمـوونی دەوێ، تێگەیشـتنی دەوێ لە ماهیەتی دونیاو مەعریفەدا، ئەو هەڵچوون و حەماسـە بێ مانایەی ناوێ، بۆ خاتری شارو شارچییەتی، رەنگە لە سەد سـاڵ یەک نووسـەرو یەک شـاعیری بـاش لە نێـو نەتەوەیەک دەرکەوێ، بە تەئکیـد ئەویـش یەکـێکە کە ئەزمـوونێکی زۆری هەیە، بـۆیە ئەو مـۆدێلە لەو جـۆرە بۆچوونە نوێنەرایەتی کەف و کوڵی نەشارەزایی دەکات، من زۆر لە گەڵ ئەم بۆچوونە نیم، بۆیە دەبێ هەڵوەستەیەک بکەین و بزانین بۆچی و لە پای چییە، هێندە بە پەلەین، لە ژیـانی ئەدەبی نەوەکانـدا، هێنـدە بـە شـاری خۆیانـەوە شـەتەکیان بـدەین، سـەیرکە بـورخیس، نووسـەرێکی مەزن بـوو، بەدرێـژایی تەمەنی خـۆی ئەزمـوونی کـۆکردەوە، دایستوفیسـکی مەزن بـوو ، بە درێـژایی تەمەن ئەزمـوونی کـۆکردەوە، هەروەهـا نـالی، هیگـۆ، شـیللی، سـاراماگۆ و بەهەزاران هەزار داهێنەری تر، کە هەموویان بە تەمەنەوە ئەزموونی خۆیان پێشکەش بە نەوەکانی دوای خۆیان کرد، نەوەی دوای ئەوان نەیانگوت کـە ئەمانـە خـەڵکی کـوێن، بەڵکو گوتیـان، ئێ، بـەڵکـو هـەموو بـە سـامانی مرۆایـەتیان دانـاون، ئـێمە وەک ئەوان نانووسـین بە سـتایلی خۆمـان

کاردەکەین، بـایەخیش لە ئەزمـوونی ئەوان وەردەگـرین، بـۆیە ئەوە لە دوای ئەوە بـوونە خـاوەنی داهێنـان و سـتایلی خۆیان.

ئێسـتاش خەڵکە سـادەکە، کە مەبەسـتمە بڵێم خـەڵکی دەرەوەی نێوەنـدی ئـەدەبی، هـیچ کـات نـاوی شـاعیرێك ناهێنن بە شار، بەڵکو دەڵێن فلان شـاعیرێکی کوردستانییە، ئـەوە نێوەنـدە ئەدەبیەکەیـە، کـە لـە ئـەنجامی گیرمـە و کێشـەی نێوانیان،کە ڕەنگدانەوەی لایەنگیریی سیاسـییە، بۆ ئـەوەی یـەکتر بچـووك بکەنەوە، دەڵێن فـلان شـاعیری دهۆکی یا هەولێری یا سلێمانی و هەندێ جار بچووکتریشی دەکەنەوە دەڵێن فـلان شـاعیری کۆیە یا ڕانییە یا سـۆران، هەنـدێجار لـەوەش بچـووکتری دەکەنـەوەو دەڵـێن فـلان ڕۆماننووسی گەڕەکی کانێسکان یا تەیراوە، ئەمەناشیرینترین دیاردەی نیوەندی ئەدەبییە، نەك نێوەندە گشتییەکە، بە داخـەوە کـە هـەمووی ڕەنگدانـەوەی سیاسـەتی ئـەمڕۆی کوردسـتانە، لـە بـەر ئـەوەی لایـەنگیریی سـیاسی زاڵ بـووە بەسـەر ئینتیمـای نیشـتمانی، دیاردەیـەکی زۆر قیزەوەنـە، لەڕاستیدا هەر شایانی باسکردن نییە، بۆیە من نامەوێ زۆر لـەبارەی ئـەم بەدبـەختییەوە قسـە بکـەم ، چونکـە چەنـد لەسـەر ئـەم بابەتـە بـڕۆم، ئەوەنـدە دەبێ بـاس لـە کێشـە قیزەوەنەکانی تر بکەم، کە هەمووی لە دایکبووی یەکترن.

- تۆ پێتوایە نووسین و لێکۆڵینەوە و بە دواداچوونەکان و ڕەخنــەی شــیعریی، شــوێنی خــۆی، وەك گوتــارێکی هاوچەرخ، لە نێو تێکڕای ژانرەکان کردبێتەوە؟

من پێموایە بەڵێ، کارێك کراوە لەم بوارەدا، رەنگە هەموویان باش نەبن، بەڵام لە نێو بەرهەمێکی زۆروبۆریشدا هەندێ نووسینی جوان و بایەخدار، وەك گوتاری رەخنەیی لە نێو شیعردا دەبریقێنەوە، ئێمە ناکرێ زەرب بە سەر هەموو نووسینەکاندا بهێنین، گوتارگەلێکی زۆر هەن دەتوانین پشتیان پێببەستین بۆ هەڵسەنگاندنی بزاوتی شیعریی تازە، هەڵبەت ئەمە هەر لە مەودای شیعردا نییە، بەڵکو تێکڕای ژانرەکانی دیکەش هەر وان، بە تایبەت کە رەوتێکی باشی نووسینی گەنجە رۆشنبیرەکان هەیە، بە ئەقڵێکی مەعریفی و رۆشنبیرییەوە، هاتوونەتە نێو مەیدانەکە و بەرهەمی رەخنەییی خۆیان بڵاو کردۆتەوە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە گوتاری هاوچەرخ و تازە و کراوە بەسەر رۆشنبیریی تازەدا، پێویستی بە خۆبەستنەوە بە میتۆدە هاوچەرخەکانەوە هەیە، دەبێ پشت بە تەوژمە تازەکانی رەخنە ببەستێت، نابێ هەر لە ناو کەوانەی رەخنەی کلاسیکیدا خۆی قەتیس بکان، لە دونیای ئێستادا گوتاری رەخنەیی تەنها بە هەڵسەنگاندن ناوەستێ ، ئەمرۆ فەلسەفە مەعریفییەکان تێکەڵی گوتار دەبن، واتە ئیشی رەخنە گۆڕاوە، فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوە و بونیاتگەریی و شیکاریی و سایکۆلۆژیی و سۆسایەتی بەهێز، خۆیان نمایش دەکەن و وایان لە گوتاری رەخنەیی کردووە، کە حاڵەتەکانی پێشوو جێ بهێڵێ و بکەوێتە سەر هێڵی فەلسەفی.

- تۆ وەك شاعیریك چۆن ئەو شەپۆلە نووسینەی رۆمان دەبیـنی، ئایـا ئەمـە پەبوەسـتە بـە پێشـكەوتنی بـواری ئەدەبی كوردییەوە،یاخود مۆدێكە هاتووە ؟

ئەمەیان زۆر سرووشتییە، حالەتێکی قەیسەری نییە، لە نێو هەموو ئەدەبی دونیادا هەیە، ئەدەبی کوردیش بەدەر نییە لەوانە، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ شیعر لە سەرووی هەرەمی ژانرە ئەدەبییەکاندا بوو، دەخوازم بڵێم زۆربەی نووسەرەکان خەریکی شیعر بوون، ئەوانەیش کە تازە دەستیان پیدەکرد هەر بە شیعر دەستیان پێدەکرد، بەڵام پەرەسەندنی رۆشنبیریی کوردی لەو ساڵانەی دواییدا هێز و گوڕێکی بە تینی دا بە بەشداریکردنی نووسەران لە پرۆسەی تازەکردنەوەو رەنگاورەنگ کردنی کولتووری کوردیدا، بزاوتی وەرگێڕان لەم بوارەدا کاریگەر بووە، بەسەر ئەوەی کە رۆمان نووسین ببێتە دیاردەیەکی بەهێز، خوێندنەوەی هەموو ئەم رۆمانانەی وەرگێڕدراون بۆ زمانی کوردی، زۆر کاریگەر بووە بۆ سەرهەڵدانی رۆمان نووسین لە ئەدەبی کوردیداو لە کەوانەی مۆدە چۆتە دەرەوە، بەڵکو پەرپوەتەوە بۆ زەرەوورەت، ئەمرۆ لە کوردستان رۆمانگەلێکی مەزن دەنووسرێن و لە ئاستێکی بێ خەوشدایە، رۆمانەکانی بەختیار عەلی و شێرزاد حەسەن و کەریم کاکە و جەبار جەمال و سەلاح عومەرو سمایل حەمەدەمین و نەبەز گۆران و گەلێکی دی، نەخشەی ژانرەکانی ئەدەبییان گۆڕیوە، کولتووری کوردییان دەوڵەمەند کردووە، بۆیە ئەم شەپۆلە نووسینەی رۆمان کولتوری کوردییان دەوڵەمەند کردووە، رۆمان، نیشانەی پێشکەوتنی کۆمەڵگایە بەرەو شارستانییەت.

- لە پرۆسەی نووسینی خۆتا، زۆرجار دەچییەوە ناو گێڕانەوەی ئەفسانەیی، یاخود خەلق کردنی دەق لە ئەفسانە، تۆ دەتەوێ چی بڵێی لەم بابەتەوە؟

من هەرگیز لە شیعرەکانمدا نەچوومەتە ناو گێڕانەوەی ئەفسانە، بەڵام من ئەفسانەم وەکو سیمبۆل و ماسك بەکار هێناوە، ئەوەشیان لە دیوانە سەرەتاییەکانمدایە وەك دیوانی خاك و هەلۆ و تەمەسپییەکانی ڕۆح، کە هەندێ موفرەداتی ئەفسانەییم وەکو سیمبۆل بەکار هێناوە، پاشان لە دەقی درامی خۆمدا وەکو ماسك بەکارم هیناوە، هەندێ جاریش لە شیعرەکانمدا خۆم ئەفسانەم خەلق کردووە، بە تایبەت لە دەقەکانی درامیم وەك دەقی شانۆیی شیعرییم، ئەفسانەی زەریە شێتەکان و سوارانی بەفر و ئاسیە خاندا ، کە تا ئێستا نەمکردوون بە دیوانێکی شیعری تایبەت، ڕەنگە لە داهاتوودا هەرسێ ئەو شانۆییە شیعرییانە بکەم بە کتێبێك، هەلبەت مەسەلەکانی بەکار هێنانی ئەفسانەو لە شیعر زۆر گرینگە، پێویستی بە کارامەیی شیعریی هەیە و لە زۆر شیعریی جیهانیدا بە کار هاتوون، ئەفسانە نوێنەرایەتی ئەقلی سەرەتایی ئینسان دەکات، بەڵام من دواجار لە دیوانەکانی تری خۆمدا، ئەم قۆناغەم جیهێشتووە، چونکە ئەزموونی شاعیر پێویستی بە گۆڕان و نوێبوونەوە هەیە، بوارەکانی ڕۆشنبیریی شاعیر لە گۆڕاندان، بۆیە هەموو شاعیرێ پێویستی بە زەخیرەی تازەی فیکری هەیە، تا بتوانی لە گەڵ گیانی سەردەم بگونجێت.

- تۆ ساڵانێکە بێدەنگی لە نێو کۆڕە ئەدەبییەکاندا، کەم گوێم لە دەنگی تۆ بووە کە شیعر بخوێنیتەوە، ئایا ئەمە هۆی ئەوەیە لە - ئیلقای – شیعر دەترسی یا غرورێکە ؟

شاعیر ئەو کاتە بێدەنگ دەبێت کە دەمرێت، ئەوە بێدەنگی شاعیر نییە، کە بەشداری ناکات لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا، یا بە شداری نەکردن لە کۆڕە شیعرییەکاندا، مانای ئەوەنییە کە شاعیر ئیلقای نییە، بەلکو ئەم بەشداری نەکردنە هۆی تری هەیە، جا کاکی نازم یا ئەوەتا تۆ موتابەعەت نەماوە، یا ئەوەتا حەزت لێیە، بمدوێنی و بچمە سەر باسی هەندێ مەسەلە، کە من خۆم حەزیان لێناکەم، ئەگینا من بابی شیعرەکانی خۆم، کۆڕی شیعریم کردووەو کۆڕی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنیم ئەنجام داوەو لە فیستەفالەکانیش بەشداریم کردووە، بەڵام من خۆم دەپارێزم لە زۆر شتی ئەو کۆڕو کۆبوونەوانە، ئەویش بەو مانایە نییە کە گۆشەگیر بم، بەڵام هەندێ جار گۆشەگیریش، سوودی خۆی هەیە، ئەمڕۆ دوای ئەو تەمەنە لە نووسین و بڵاوکردنەوە و بەشدارییەکان، کاتی ئەوە هاتووە، بکەوینە نێو ڕامان دامانەوە، لە خۆمان بخەفتین، بکەوینە ناو کارکردن لە پێناوی پێشکەش کردنی شتی نوێ و تازە، بۆ ئەوەیش دەبێ کاتەکانی خۆمان، بە خوێندنەوە بەسەر بەرین، بە تایبەت ئەمڕۆکە بڵاوبوونەوەی کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەکان، ئەوەندە زۆر بووینە ، ئەگەر خافل بین زۆر شتمان لە دەست دەچێ، بۆیە بێدەنگییەك لە ئارادا نییە.

- به کورتی ئەمانە چین؟

کتێب:

کتێب وەك دەڵێن حیکمەتی بوونە، سەرچاوەی هەموو ڕووداوەکانی دونیاو جوانییەکانی دونیایە، بێ کتێب ژیان بێ جەوهەرە.

قەڵەم:

نەهامەتییەکی گەورەیە ئەگەر لە دەستی گەوجان بێت و بەخششێکی مەزنە ئەگەر لە دەستی نووسەری خۆی بێت.

شۆڕش:

بۆ ئەو سەردەمە خۆش بوو، کە باوی هەبوو، ئێستاکە بریقەی جارانی نەماوەو لە دونیای پێشکەوتووی ئەمڕۆکەدا، شۆڕش چەمکێکی تری وەرگرتووە.

شەو:

لە دونیای کلاسیکدا هەبوو، ئێستاکە شەو نەماوە، تەنها لە دڵە تاریکەکاندا شەو هەیە.

دایك:

تاپۆی بوونی بەشەرییەتە، نەزمێکی حەزینە لە دونیای ئافرەتانی کورد، میهرەبانی و بەزەییە.

ئەمریکا:

بـۆ مـن رووخێنـەری ڕژێمـێکی سـەرکووتکەری لـە بـن نـەهاتووی بـەعس بوو، ئـەو بـوو هەناسـەیەکی دیکـەی بـۆ کـورد بـە ڕەوا بیـنی، هـەن دەڵێن بـەرژەوەنـدی خـۆی بـوو، بەڵام بۆمن واکەوتەوە، بەرژەوەندی منیشی تیا بوو.

باشووری کوردستان:

نەغمـەی سەرمەشـق و رابـەری سـەر هەڵـدانی هـەموو کوردستانە.

- زۆرجار سەرنجی ئەوەم داوە تۆ کەمتر بەشداری دەکەی لە گفتۆگۆی دانیشتنەکان، سەبارەت بەشیعرو مەسەلەکانی شیعر، حەز دەکەم هۆی ئەمە بزانم؟

ئەمەیان دەگەڕێتەوە بۆ خووی مرۆڤەکان خۆیان، هەندێك حەز دەکەن بەردەوام قسە بکەن، هەندێکیش جارجار و هەندێکیش هەر بەشداری ناکەن، من خۆم زیاتر حەز بە گوێگرتن دەکەم نەك زۆر بەشداریکردن، زۆر لەو دانیشتنانە دانیشتووم، تێبینی ئەوەم کردووە، ئەوەی کە شتێك نازانێ لە هەمووان زیاتر قسە دەکات، قسەکردنیش دەربارەی شیعر و مەسەلەکانی شیعر، پێویستی بە راهاتنی ڕۆشنبیرییەوە هەیە، بەبێ هێزێکی مەعریفی ئەدەبی و شارەزایی و خوێندنەوەی زۆری سەرچاوە شیعرییەکان، ناتوانین قسە لە بارەی شیعرەوە بکەین، ئەگەر بەشداریش بکەین، قسەکانمان ناچنە ناو بیروڕایەکی تۆکمەی ڕۆشنبیرییەوە، زۆرجار بابەتێك یا سەرەباسێکی مەعریفی فرێدەدەمە ناو گفتوگۆکان، بۆ ئەوەی لایەنە شاردراوەکانی شیعر باس بکەین، تا بگەین بە دیالۆگێکی باش و سوودبەخش، بەڵام سەرنجم داوەتێ لەو جۆرە ساتانەدا بێدەنگییەك دانیشتنەکان دادەگرێ، کە بێدەنگی بێ ئاگاییە لە بابەتەکە، بۆیە هەموو ئەو قسانەی لەبارەی شیعرەوە دەکرێت، کەمیان نەبێت، هەمووی قسەی گشتی و هاکەزاییە، جگە لە بەخەرجدانی کاتەکە، هیچی دیکە مەبەست نییە، بۆیە جۆرێك لە بێهوودەیی لە لای من دروست دەبیت، هەر بەراستیش گفتوگۆ لەبارەی شیعر جۆرێکلە ئەزموونی خوێندنەوە و کتێبکووشینی دەوێت، بەردەوامبوونی بەهێزکردنی پەیبردن بە نهێنییەکانی شیعریی دەوێت، ئێ شیعر دەریایەك نهێنی هەیە، کە

شــارەزایان نــەبیت، ڕەنگــە بەرشــەپۆلێ بکــەویت و لــە قسەکردن بکەویت، وابزانم لەم نهێنییە گەیشتی.

- راشـــكاوانه پـــێم بـــڵێ نەک كـــاریگەریی، بەڵكـــو خوێندنەوەت بۆ ئەو شاعیرانەی سەردەمی خۆت چییە و شـیعری كامەیـان زیـاتر دەخـوێنیەوە، ئایـا جـۆرئەتی ئەوەت كـــــردووە چ بە نووســــین یـــا رووبەڕوو سەرنجەكانت دەربڕی؟

ئەو شاعیرانەی سەردەمی خۆم ، هەموویان هاوڕێ و دۆستی ئازیزن، ئەوە چ پەیوەندییێکی هەیە بە جورئەتەوە، تا قسەیان لە بارەیەوە بکەم، مەسەلەی جورئەت کاری بە مەیدانێکی ترەوە هەیە، نەک بە مەیدانی شیعر، مەیدانی شیعریش لە یەک گەیشتن و هاوبەشی کردنە لە بابەتەکان، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەت پەنا دەبەمە بەر بیروڕام دەربارەی شیعرو ئەدەبیات، کە ڕەنگە وەڵامەکەم ببیستی سەبارەت بە پرسیارەکەت، بێ ئەوەی باسی هیچ کامێک لەوانە بکەم، من پیموایە کاری نووسینی شیعر، کاری دزینی ئاگرە لە خواوەندەکان، بۆیە ئەم کارە یا ئەم فەلسەفەیە، لە پرۆسێسی- نووسینی شیعر بە هەموو کەسێک ناکرێ، ئەوانەی خەریکی ئەم کارە سەختەن، کە بە هەق بە سەر چیا هەڵگەڕانە، دەبێ ئەزموونێکی گرنگیان هەبێ لەمەڕ کاری ئەشقیا بوون و کاری پرۆمیتۆسی، ئەگینا هەر زوو دەکەونەوە بەر زوڵمی زەیۆسەوە. ئێ خۆ هەموو نووسینێکی شیعر مانای ئەوە نییە، کە شیعرییەتی لێبێتە کاییەوە، یاخود شیعری ڕاستەقینە بێت، ئێستا لە کوردستان خەڵکانێکی زۆر خەریکی شیعر نووسینن، لە هاوڕێ و خەڵکانی تر، ئەو جورئەتە لە کوێ بهێنم و بڵێم کوڕینە واز بێنن و خەریکی کارێکی باشتربن، بۆیە کاری شاعیری ڕاستەقینە ئەو دادگایی کردنە نیە، بەڵکو کاری ئەو پێشکەشکردنی داهێنانەکانی خۆیەتی، کە ببێتە هۆیەکی گەورە، بۆ ئەوەی بە خۆیان دا بچنەوە و لە چەمکی داهێنان بگەن، من شیعری

هەموویان دەخوێنمەوە و سەرنجی تایبەتیشم هەیە، بەڵام ناکرێ بە تۆڕێک راوی ئەم لێشاوە بێ مانایەی شیعر بکرێت، کە زۆربەیان نە ئەزموونێکیان هەیە نەخۆێنەریشن و نە شارەزای زمانن.

- تـــا چەنـــد بـــڕوات بەوە هەیە کە دەڵـــێن هەر لەمنـدالییەوە بەهـرە هـەبووە، لە کاتێکـدا تـۆ لەنـاو گێلەوێـژەی ئەوسـای سـەرەتای ژیـان، کـۆمەڵێ شـت هەبـووە لەنـاو هەسـتی منـدالیت گیـنگلی داوەتـەوە، ئەمەیان چۆن لێکدەدەیتەوە؟

سەبارەت بەو پرسیارە کە ئاخۆ کاریگەرێتی منالی لە نێو پرۆسەی شیعریدا چ ئاکامێکی هەیە، ئەوەیان بابەتێکی زۆر تایبەتە لە ژیانی هەموو شاعیریکداو هەمیشە ئەو پرسیارە لە شاعیر دەکرێت، چونکە بابەتێکی زۆر پڕ ماناو ئەزموونبەخشە، ناکرێ فەرامۆش بکرێت، شاعیر وەکو هەر کەسێکی دی دەکەوێتە ژێر کاریگەرێتی ژیانی منالیی خۆیەوە، مەرجیش نییە ئەو کاریگەرێتییە تەنها گوزارشت لە داهێنانی دەقێکی شیعری ئەرێنی بکات، زۆر جار ئەزموونی منالی دەقێکی پڕ ئازارت پێدەبەخشێ بەڵام شاعیر زۆر بە زەحمەت دەتوانێ دەقێکی پڕ لە داهێنان سەبارەت بە کایگەرییەکانی منالی خۆی پێشکەش بە خوێنەران بکات، ئەمە پەیوەستە بە کاری یادەوەری بەهێز و ڕۆشنبیرییەکی قووڵ، ئەگەر سەیری ئەزموونی شاعیرانی دونیا بکەیت، ئەوەت بۆ ڕوون دەبێتەوە کاریگەرێتی منالیی، مانای ئەوە نییە تۆ باس لە سەردەمی منالێتی خۆت بکەیت، **رامبۆی** شاعیری فەرەنسیـ نەهاتووە باس لە سەردەمی منالی خۆی بکات، یا بۆدلێر نەهاتووە موعاناتی سەردەمی منالی خۆی کۆ بکاتەوە، یا کافکای چیرۆکنووس نەهاتووە باس لەوە بکات کە منالی ئەو چۆن بووە، بەڵکو ئەوانە هەستاون داهێنانێکیان کردووە ڕەنگدانەوەی سەختی ژیانی ئەومنالییەیان بووە، خۆیان لە ڕێگەی داهێنانەوە بە خوێنەرانیان وتووە، بێ ئەوەی باسی منالێتی خۆیان بکەن، کە خوێنەر یەکسەر دەگاتە ناسینی کرۆکی ژیانی منالێتی ئەوان.

- ئەگەر بمەوێ کۆتایی بەم دیدارە بهێنم و بپرسم ئاخۆ لە ماوەی ئەم چەند مانگەی دیمانەکەدا، یەکێ لەو یادەوەرییە خۆشانەی کە پرسیارەکانم وروژاندوویەتی، کامەیان بوو؟ هەروەها ئەگەر بکرێ پانۆرامایەك سەبارەت بە کۆی بەرهەمەکانت بخەیت ڕوو جێگەی خۆیەتی؟

خـۆی ئـەم دیـداره زیـاتر گێڕانـەوەی یـادەوەرێی و بەسەرهاتی بزووتنەوەی ئەدەبیی بوو، زیاتر لەوەی کە بە قـووڵی باس لـە کێشـە ئەدەبییەکان بکەین، گەڕانەوەیەك بـوو بـۆ ڕابـردوو، کـە ئەمـەش زۆر پێداویسـتییە، چونکـە تـاوەکو ئێسـتا ئێمـە ڕابردوومـان هێنـدە بـە خەمـەوە بـاس نەکردووە، هێزی باس کردنی ئێمە لە ڕوانگەیەکی وەسفی وەستاوە، لـە ڕوانگەیـەکی ڕەخنـەیی قـووڵ نەبۆتـەوە، کاتی خـۆی کـە **ئـەدۆنیس** ویسـتی پـرۆژەی خـۆی لـە بـواری کولتـووری عــەرەبی بـە گشـتی بـۆ خوێنـەران ڕابخـات، یەکەمین شت لە خـەیاڵی ئـەوە بـوو ، کـە لـە ڕوانگەیـەکی ڕەخنەییدا باس لـە ڕابـردووی خۆیان بکات، ئـەوە بـوو کـە کتێبی **الثابت والمتحول** ی لە سێ بەرگدا ئامادە کرد، کە سـەراپای بـاری ئـەدەبیی و کۆمەڵایـەتی و سـیاسی و ئـایینی، هــەمووی هەڵڕشــت و شــیکردەوە، پاشــان هاتــە ســەر مەسەلەکانی نوێ بوونەوە و داهێنانەکان، بە داخەوە ئێمە تــاوەکو ئێســتا لــە نێــو ئــەدەبی کوردیــدا نــەمانتوانیوە، بەرهەمێکی وا پوخت و جوان بخەینە بەردەستی خوێنەران تا بتوانن، دیدێك بۆ خۆیان دروست بکەن، سەبارەت بە تێکڕای کولتووری کـوردی و پەیوەنـدی ئـەو کولتـوورە، بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایـەتی و ئابوورییەوە ببەستینەوە، بۆ ئەم مەبەسـتە دەبێ باوەڕمان بـەوە هـەبێت هـەر بـە تـەنها ئـەدەب نابێتـە ئاوێنـەی نەتەوەکـەمان، دەبێ ئـەو قاوغـە فراوانتر بکەین و ئەکتیفی بکەین، بە تایبەت شـیعر کائینێ نییـە لـەو گـۆڕە شـین بێـت و کاری خـۆی کـردبێ، بـەڵکو

پەیوەستە بە کۆمەڵێك فەزای ژیانی ئێمەوە، ئەم پێشەکییەم بۆ وەڵامی پرسیارەکەت بەو مەبەستە بوو بڵێم، یادەوەرییەکان بەشێکی گرینگن لە ژیانی هەر شاعیرێك کە بە ئەزموونەوە، کاری لە نێو فۆرمەکانی شیعر کردبێت، چونکە نەتەوەی کورد لە شیعر گرینگتری نەبووە، کە ئاوێنەی ڕووداوەکانی بێت، کە بنەمایەکی گرینگی مێژوویی ئەو نەتەوەیە، من باوەڕم بەوە هەیە کە ئەم ڕابردووە دەتوانێ، کولتووری نەتەوە ساغ بکاتەوە، ئەوەی تۆ وروژاندت بە تەنها یەك شت نەبوو، بەڵکو تۆ لە پرسیارەکانت، هەموو یا بەشێکی زۆرت وروژاند، کە من لە نێو ئەو هەمووە دا پێمەلەم کردووە، شەپۆلێکی زۆری یادەوەرییەکانم لە دەست چووە، چل ساڵ، پەنجا ساڵ، کاتێکی گەمە نییە، تۆ بەردەوام هاودەمی ڕووداوە ئەدەبی و سیاسییەکانی نەتەوە بیت، جگە لە ڕووداوەکانی دونیای ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی جیهان، بۆیە لێرەدا من ناتوانم ئەوە تۆمار بکەم کە کام لەو یادەوەرییانە منیان تاساندووە،بەڵام دەکرێت ئەوە بڵێم تۆ توانیت کۆمەڵێك شتم دووبارە وەك دیمەن بخەیتەوە بەرچاو، کە چاوی پێ ڕوون بێتەوە، لەم چەند مانگەدا، کە خەریکی ئەو دیمانەیە بووین، دونیای ئەدەب و ڕۆشنبیری و ڕابردوو، ئامادەگی خۆیان هەبوو، جۆرێك لە پاك بوونەوەی درووست کرد، کە ئەوە زۆر گرینگە، بۆ هەموو نووسەرێك، ئیمرۆکەش کە کۆتایی بە دیمانەکە دەهێنین، هیشتا زۆر ماوە باسی بکەین، زۆر نهێنی و شاراوەی ناو

باسەکان ماون، شەن و کەوی بکەین، چەندین مانگ و مانگی تری پێدەوێ، کە بگەین بە کەمێك لەو مەبەستانەی دەمانەوێ قسەیان تیا بکەین، بە هەرحال من سپاست دەکەم بۆ ئەوەی کە منت رازی کرد قسە بکەم، لە کاتێکدا لە دونیای ئێمەدا هیچ جەدوایەك نەماوە بۆ قسە.

ئەوەی کە ماوەتەوە بیلێم، سەبارەت بە کۆی بەرهەمەکانمە، خۆت دەزانی من هەر لەسەرەتای هەفتاکانەوە خولیای ئەدەب و شیعرو رۆشنبیریم هەبووە، لە رێگەی ئەم خولیایەوە هاتوومەتە ناو دونیای شیعرو ئەدەبیاتەوە، تا سالی حەفتاو هەشت تا دەگاتە هەشتا هیچ بەرهەمێکی شیعریم چاپ نەکردووە، هەندێ بەرهەمی شیعریم لەملاو ئەملا بلاو دەبوونەوە لە پۆستەی خوێنەران و هەندێ شوێنێنی ترەوە، بەلام شتێکی وانەبووە، لە سالانی هەشتاکانەوە بەدوا بەرهەمەکانی خۆم چاپ کردووە و بلاوم کردونەتەوە، سەرەتا شیعرم چاپ کردووە، بۆ یەکەمین جار کە قووتابی بووم لە بەغدا، دیوانی خاك و هەلۆم بە چاپ گەیاندووە، کە دەزگای رۆشنبیری و بلاو کردنەوە لە بەغدا بۆمیان چاپ کردووە، ئیدی پاشان بەرهەمەکانی دیکەی خۆمم بلاو کردۆتەوە ،کە بەمشێوەی خوارەوە یە:

دیوانی شیعری چاپکراو

- خاك و هەلۆ ، شیعر ، بەغدا – ١٩٨٠- دەزگای رۆشنبیری وبلاو کردنەوەی کوردی ، ٥٠ لاپەڕە.

- تەمە سپییەکانی رۆح ، شیعر ، هەولێر- ١٩٨٨- ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری ولاوان ٦٨ لاپەڕە.

- وردە گەلا – ١٩٨٩_ سلێمانی

-پیانۆی رۆژهەلات - ٢٠٠٠ - شیعر، هەولێر چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر ١٨٦ لاپەڕە.

- درەختی حیکمەت ، ٢٠٠٢، هەولێر چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر ١٠٩لاپەڕە.

-دۆستێ هەمیشە چاوەڕوانمانە - ٢٠٠٤ - شیعر، هەولێر، بلاوکراوەی بزاڤی رۆشنبیرانی نوێخواز، ٩٨ لاپەڕە.

- پیانۆی رۆژهەلات – ٢٠٠٤ - کۆی بەرهەمەکان شەش دیوانی شیعرە، دەزگای ئاراس هەولێر – ٤١٥ لاپەڕە.

-بورجی بەلەك - ٢٠٠٦- بلاوکراوەی گۆڤاری ئایندە- سەردەم ١١٣ لاپەڕ ە.

- سیفری ئاگر ، شیعر ، کەرکوك ٢٠٠٧- یەکیەتی نوسەرانی کورد لقی کەرکوك.

-کتێبی پیرۆزی عاشقان ، شیعر، هەولێر- ٢٠٠٧ - دەزگای ئاراس هەولێر ٢٦٤ لاپەڕە.

- تۆ لە هەمـوو شـوێنێکی تـۆ ٢٠١٠ دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢١٥ لاپەڕە.

-کتێـبی ئـاو ٢٠٠٩ دەزگـای موزیـك و کەلەپـوری کوردیـو هەولێر ١٤٤ لاپەڕە.

-کتێـبی نەی ٢٠٠٩ دەزگای مۆزیـك و کەلەپـوری کـوردی هەولێر ١٩٩ لاپەڕە.

-درەختی درەوشاوە ٢٠١١ سەنتەری لیکۆلینەوەی فیکری نما هەولێر ١٢٦ لاپەڕە.

-درەختی خامۆشی ٢٠١١ سـەنتەری لێکـۆلینەوەی فیکـری نما ١٤٢ لاپەڕە.

-سـکێی نـاو خـۆڵەمێش ٢٠١٢ لە بڵاوکراوەکانی سـەنتەری رۆشنبیری ڕێژیار- هەولێر ٩٦ لاپەڕە.

- کۆدیـوانی شـیعر ٣ بەرگ – لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەنـدی گشتی یەکیەتی نووسەرانی کورد- هەولێر- ٢٠١٢.-

- بەرگی یەکـــــەم- ٣٧٩ - ، بەرگی دووەم – ٤٤٠ لاپەڕە – بەرگی سێیەم - ٢٤٥- لاپەڕە، چاپخانەی رۆژهەلات.

-بەرز بەرز تا قووڵایی – شیعر – ٢٠١٤ - دەزگای موکریان ١٤٢ – لاپەڕە.

-کۆدیـوانی شـیعر دەزگـای موکریـان سێ بـەرگ – بـەرگی یەکـەم ٥٧٧ لاپـەڕە بـەرگی دووەم ٦٨٠ لاپـەڕە بـەرگی سێهەم ٤٣٩ لاپەڕە. .

-تاریك بەقەد درەوشانەوە تاریك ٢٠١٦- شیعر - ناوەندی ئاوێر ١٧١ لاپەڕە.

- دیـوانی ئـەفیونی مـن - شـیعر – ٢٠١٨ – هـەولێر – چاپخانەی حیزبی شیوعی کوردستان – ١٥٠ لاپەڕە.

نوفلێت

- کەمتیار ، نوفلیت ، سلێمانی ١٩٩٩ بنکەی گەلاوێژ سلێمانی ٧١ لاپەڕە.

-قیامەت ، نۆڤلێت ، هەولێر ٢٠٠٢ گۆڤاری یەکیەتی نووسەران لقی هەولێر- بەشێکە لە ڕۆمانی بولیفاری نەی.

-ئەسپەکانی ناو با، دەزگای ئاراس ٢٠٠٨ ١١٢- لاپەڕە.

-بولیفاری نەی – ڕۆمان – بەڕێوەبەرێتی چالاکی وێژەیی – ٢٠١٤ – هەولێر ٢١٠ لاپەڕە.

وەرگێڕان

-ڕۆمانی ڕەگەکان – ئەلکسی هێلی ، لە فارسییەوە ٢٠٠٥ دەزگای موکریان هەولێر ٨٨٧ لاپەڕە.

-ڕۆمانی دوا وەسوەسەی کریست ، کازانتزاکی ، لە فارسییەوە ٢٠٠٦ دەزگای موکریان هەولێر ٦١١ لاپەڕە.

-ڕۆمانی سەفەرێ بۆ ڕۆژهەڵات ٢٠٠٢ ، هێرمان هیسە ، سەنتەری نما ، لە عەرەبییەوە ٧٦ لاپەڕە.

-کۆمەڵە چیرۆکی ، کتێب – ١٩٩٩- لە فارسییەوە.

کۆمەڵێ نووسەر ، دەزگای سەردەم سلێمانی٩١ لاپەڕە.

- لورەی گورگ ، ڕۆمان ، جاك لەندەن، لە فارسییەوە ٢٠٠٦ دەزگای وەرگێڕان هەولێر ١٥٥ لاپەڕە.

-رامبو – وەرگێڕان لە عەرەبییەوە – وەرزێ لە دۆزەخ – ٢٠٠٧ دەزگای سەردەم، سلێمانی ٧٠ لاپەڕە.

- ڕۆمانی دایك ، بیرل باك - ٢٠١٦ - ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر، وەرگێڕان لە فارسییەوە ٣٥٠ لاپەڕە.

-ڕۆمانی دوا وەسوەسەی کریست - دوا وەسوەسەی مەسیح- چاپی یەکەم ٢٠٠٦ چاپی دووەم ٢٠١٨ – ٥٨٧ لاپەڕە، ماڵی وەفایی- هەولێر.

- وەرزێ لە دۆزەخ – شیعری رامبۆ – دەزگای سەردەم – ٢٠١٨ - ١٠٦ لاپەڕە - سلێمانی.

-بەهەشتی ونبوو، جۆن ملتون، مەلحەمەی بەناوبانگی ئینگلیزی ٤١٠ لاپەڕە ، ناوەندی ئاوێر- هەولێر.

-سەفەرێ بۆ ڕۆژهەڵات- چاپی دووەم، ١٢١ لاپەڕە، ماڵی وەفایی

-وێرانە خاك ت . س. ئیلیەت چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٢٢ ١٢٧ لاپەڕە.

ئەزموونی ئەدەبی

- بەرەو منداڵی بە جلی پایزەوە ، بناغەو ئەزموونی شیعر ٢٠٠٧ دەزگای ئاراس هەولێر ١٨٣ لاپەڕە.

-گەڵا ڕژاوەکانی ئەزمـوون – کتێبی گیرفـان – وەزارەتی ڕۆشنبیری٢٠٠٦ هەولێر ، ٧٢ لاپەڕە.

دیدو دیدگا – دەزگای موکریان ، بیروبۆچوونی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ٢٢١ لاپەڕە.

- ئەدەب و فەلسەفە، لیکۆلینەوە، نووسین و وەرگێڕان ٢٠٠٥ چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی - هەولێر - بڵاو کراوەی کتێبخانەی سۆران ٥٢٧ لاپەڕە.

- ئەدەب و فەلسەفە – چاپی دووەم – دەزگای نما – هەولیر – ٤١٥ لاپەڕە.

- کۆکردنەوەی شەونمی شیعر – ئەزموونی شیعری و ئەدەبیم- ١٠٨٠- ٢٠١٥ بڵاووکراوەی ئەکادیمیای کوردی ٢٠١٧- ١٦٧ لاپەڕە.

-کۆکردنەوەی شەونمی شیعر، وەزارەتی رۆشنبیری.

حکومەتی هەرێم، چاپی دووەم ٢٠٦ لاپەڕە، ٢٠١٩.

ئەوانەی کراونەتە عەرەبی و ئینگلیزی

-کتاب الماء وەرگێڕانی بۆ عەرەبی محمد حوسێن رەسول دەزگای چاپ و بەخشی کوردی، بەغداد. ٢٠١٠

- هادئە کالکناری، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی کۆمەڵێ نووسەر ، پێداچوونەوەی جەلال زەنگابادی- دەزگای سەردەم، ٢٠١٠.

-کتێبی ئاو وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی محمد حسین رەسول.
The book of water-

- دیوانی سکڵی ناو خۆڵەمێش بە سویدی – وەرگێڕانی رزگار شیخانی- لە سوید چاپ بووە. ٢٠١٢

- دیـوانی تـۆ هەمیشـە تـۆ بە سـویدی – وەرگـێڕانی رزگـار شیخانی- لە سوید چاپ بووە .٢٠١٣

-جـذوة الرمـاد – سـکلی نـاو خۆڵـەمێش، وەرگـێڕانی نیهـاد نەجار- چاپ و بەخشی دەزگای رۆشنبیریی بەغداد.

-عاليا عاليـا الى الاعمـاق - دیـوانی بـەرز بـەرز تـا قـووڵایی- وەرگێڕانی بۆ عەرەبی و ئینگلیزی- محمد حسين رە سول.

-أخگر- سکلی ناو خۆ لەمێش – وەرگێڕانی بۆ فارسی حسين شريفی چاپ نەکراوە.

-وەرگێڕانی دیوانی - کەی ئەگەی پەیاتریس - بۆ عـەرەبی- متى تصلين يا بياتريس، وەرگێڕانی محمد حسين رسول.

ئەمـە سـەرجەمی تـەوای شـەونخوونییەکانمە لـە سـاڵی ١٩٨٠ وە تـاوەکو ئێسـتا، هەڵبـەت بەرهـەمی تریشـیان بـە دوادادێ ، ئەگەر تەمەن رێگە بدات بە چاپیان دەگەیەنم، بـە تایبـەت ئـەو چاوپێکـەوتن و سـیمینارانەی دەربـارەی ئەدەب و رۆشنبیری، رەخنەو لێکۆڵینەوەکانن.

شـــيعر لای مـــن ئامانجـــه، ئامانجـــی مرۆڤبوونـــه، مرۆڤبوونیـــش، پاکیـــی و خۆشەویســـتییە، تـــۆ باش دەزانـــی مـــن هەمـــوو ژیانـــم شـــیعر بـــووه، ژیانی خۆشـــیی خـــۆم هەڵنەبـــژاردوە، بەڵکـــو ژیانـــی ســـەختی ئەدەبییاتـــم هەڵبـــژارد و لـــەو ڕێگەیەوەش تووشـــی گەلـــێ کارەســـاتی دەروونیـــی و ناهەمواری بوومەتـــەوە، ئـــاوارەی وڵاتـــان بوویمە و لـــە پێناوی ئـــەو ســـومعەیەدا، وازم لـــە هەمـــوو جـــۆرە ژیانێکی خـــۆش هێناوە، شـــیعر عەشـــق و خۆشەویســـتیی و ســـەربەرزییە، بۆیـــە بۆمـــن ئامانجـــی ژیانـــم بووە.

کەریم دەشتی